# له چوار ساڵی داهاتوو کوردستان قۆناخه سەختەکان دەرباز دەکات

لە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان؛ جەماوەرو هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان چاوەڕوانی پێکهێنانی کابینەی نوێیەمی حکومەتی کوردستانن، بۆ ئەوەی لە چوار ساڵی داهاتوودا ئاستەنگەکانی ئێستا تێپەڕێنن و ژیانێکی شایستەتر بژین.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەك براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە دواکۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی خۆیدا کاندیدی خۆی بۆ سەرۆکایەتی کوردستان و سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان دیاریکرد، کە بریتین لە بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان) و بەڕێز (مسرور بارزانی بۆ سەرۆکی حکومەتی کوردستان)، بێگومان هەردوو کاندید پەروەردەو قوتابی بەردەستی بەڕێز سەرۆك مسعود بارزانی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردسانن و، لە هەمان کاتدا دوو کاراکتەری کاریگەری گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ناوچەکەن و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیشدا پەیوەندییەکی باشیان هەیە و خاوەن پێگەی بەهێزی خۆیانن، کاندیدکردنی هەردوو بەڕێزان بۆ ئەم قۆناخەی ئێستای حوکمڕانیی کوردستان، ئومێدێکی زۆر بە جەماوەری کوردستان دەبەخشێت، کەوا بە گەشبینییەوە بڕواننە داهاتووی کوردستان.

بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی) کەوا لە ماوەی رابردوودا سەرۆکی حکومەتی کوردستان بووە، سەرەڕای ئابڵوقەکانی سەر کوردستان توانیویەتی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرو زۆربەی وڵاتانی جیهان بنیات بنێت و، بەرژەوەندیی زۆر لە وڵاتانیش بێنێتە کوردستان، کە ئەوەش هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی کوردستان و دامەزراندنی پرۆژەی ستراتیژی لە کوردستان، بەتایبەت لە بواری دەرهێنان و هەناردەکردنی (نەوت)دا، جگە لە بواری دیپلۆماسیدا (نێچیرڤان بارزانی) لە ماوەی سەرۆکایەتیکردنی کابینەکانی حکومەتی کوردستان ڕۆڵێکی کارای بینیوە لە دووبارە ئاوەدانکردنەوەو بنیاتنانەوەی کوردستان و، هەوڵەکانی بۆ تێکشکاندنی گەمارۆکانی سەر کوردستان تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو، لەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بە هەموو شێوەیەك ناحەزانی کوردستان هەوڵی کەوتنی حکومەتی کوردستانیان دا،



**غەفوور مەخمووری**
سكرتێری گشتیی یەكێتیی نەتەوەیی دیموكراتی كوردستان YNDK

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

بەڵام (نێچیرڤان بارزانی) رووبەڕووی هەڕەشەو پیلانەكان وەستایەوەو خۆڕاگرانە هەوڵی تێكشاندنی هەڕەشەو پیلانەكانی سەر حكومەتی كوردستانی دا، لەم رووەوەش هەنگاوی گرنگی نا، بەتایبەت لە رووی دیپلۆماسییەوە، توانی لە ماوەیەكی كەمدا گەمارۆی دیپلۆماسیی سەر كوردستان تێكبشكێنێت.

بەڕێز (مسرور بارزانی) كەسایەتییەكی وردبین و دووربین و خودان هزرو رامان و بەرنامەیە لە كاركردندا، ئەمە وادەكات كارنامەی حكومەتی داهاتووی كوردستان كارنامەیەكی دەوڵەمەند و پڕ چارەسەر بێت بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشەو ئاستەنگانەی كەوا ئێستا لە بەردەم حكومەتی كوردستاندان، (مسرور بارزانی) وەك راوێژكاری ئەنجومەنی ئاسایشی كوردستان لە ماوەی رابردوودا زۆر سەركەوتووانە توانیویەتی كوردستان بپارێزێت و هێمنی و ئارامی بۆ هاووڵاتیان دابین بكات، سەرەڕای كارەكەی خاوەن پەیوەندییەكی بەتینە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرو وڵاتانی عەرەبی و زۆبەی وڵاتانی جیهان و نزیكی ناوەندە بڕیاربەدەستەكانی جیهانیشە، لە كاتی هێرش و پەلاماری تیرۆیستانی داعش بۆ سەر كوردستان، بەردەوام وەك پێشمەرگە و هاوكارێك لەگەڵ جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە سەنگەری بەرگریكردن لە خاكی كوردستان و پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان مایەوەو رۆڵی كاریگەرانەی خۆی بینی.

لە سەرختنی پرۆسەی (ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان) ؛ مسرور بارزانی رۆڵیكی گرنگی بینی و هاوكارێكی كاریگەری سەرۆك مسعود بارزانی بوو، بە خەبات و خۆڕاگری سەرۆك مسعود بارزانی و پرۆسەی ریفراندۆم سەركەوت. ئەگەر رووداوەكانی دوای ١٦ی ئۆكتۆبەر روویان نەدابا، ئێستا كوردستان لە رەوشێكی زۆر پێشكەوتووتردا دەبوو، بۆ هەڵوەشاندنەوەی پیلانەكانی دوای ١٦ی ئۆكتۆبەریش (مسرور بارزانی) بە سیاسەتی وردبینانەو دووربینانەی خۆی توانی رۆڵێكی كارا بگێڕێت و خەونی ناحەزان لە گۆڕ بنێت.

هەردوو كاندیدی پارتی دیموكراتی كوردستان، كەوا كاندیدی سەرۆك مسعود بارزانی رێبەری بزاڤی رزگاریخوازیی نیشتمانیی كوردستانن، وەك لە پێشەوەدا ئاماژەمان پێدا پەروەردەو

شاگردی بەردەستی سەرۆك بارزانی-ن، وزە و توانای کاریان لە هێزی کاری سەرۆك بارزانی وەردەگرن. سەرۆك مسعود بارزانی وەك رێبەری بزاڤی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان و مەرجەع و داینەمۆی پرۆسەی سیاسیی کوردستان، توانی لە ماوەی رابردوودا بە هەموو جیهان بڵێت گەلی کوردستان خاوەن ئیرادە و بڕیاری خۆیەتی و دەیەوێت بە ئازادی بژیت، سەرۆك بارزانی لە دیرۆکی نوێی کوردستاندا مەزنترین شانازی مێژوویی بۆ گەلی کوردستان تۆمار کرد، کە ئەویش ئەنجامدان و سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم بوو، لە رێی پرۆسەی ریفراندۆمەوە بە هەموو جیهانی راگەیاند کەوا بڕیاری گەلی کوردستان ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانە، نەك دیلی و ژێردەستەیی.

لای هەموو لایەکمانە روونە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم چۆن دوژمنان و ناحەزانی کوردستان کەوتنە پەلامارو هێرش بۆ سەر کوردستان و جۆرەها گەمارۆی ئابووری و دیپلۆماسی و بازرگانییان خستە سەر کوردستان، ئەوەی کوردستانی پاراست و خۆڕاگرانە رووبەڕووی هەڕەشەکان وەستایەوە سەرۆك مسعود بارزانی بوو، لە هەمان کاتدا بەڕێزان (نێچیرڤان بارزانی) و (مسرور بارزانی) وەك دوو هاوکاری سەرۆك بارزانی رۆڵی کاریگەرانەیان بینی لە تێکشکاندنی پیلانەکان، بۆیە دەتوانین بڵێین کاندیدانی سەرۆك بارزانی بۆ سەرکردایەتیکردنی قۆناخی داهاتووی حوکمڕانیی کوردستان بە سوودوەرگرتن لە سیاسەتی حەکیمانە و کوردانەی سەرۆك بارزانی دەتوانن داهاتوویەکی پڕ لە ئاوەدانی و هێمنی و ئارامی بۆ کوردستانیان فەراهەم بکەن.

بێگومان عێراق و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین بە رەوشێکی زۆر ناسك و هەستیاردا دەرباز دەبن، ئەوەش راستەوخۆ کاردەکاتە سەر رەوشی سیاسیی کوردستان، بۆیە ئەرکی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان قورس دەبێت، بەتایبەت لە چۆنیەتی خۆگونجاندن لەگەڵ هاوکێشە سیاسییە ئاڵۆزەکانی ناوچەکە، بۆ ئەمەش پێویستە لایەنە سیاسییەکان و راگەیاندن و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و جەماوەری کوردستان هاوکار و پشتیوانی حکومەتی کوردستان بن و، رەچاوی ناسکی و هەستیاریی بارودۆخی کوردستان بکەن.

پێویستە هەردوو بەڕێزان کاك نێچیرڤان بارزانی و کاك مسرور بارزانی سوود لە ناتەواوییەکانی کابینەکانی پێشووی حکومەتی کوردستان و پرۆسەی سیاسیی کوردستان وەربگرن و بە دیدگایەکی نوێوە بۆ چارەسەری کێشەو گرفتەکان بڕوانن و ناتەواوییەکان دەرباز بکەن، بۆ ئەمەش پێویستە بەر لەهەر شتێك هەوڵی بە دامەزراوەیی و سیستماتیککردنی دەزگا و دامەزراوەکانی کوردستان بدەن و، بە چاوی یەکسان سەیری هەموو هاووڵاتیانی کوردستان بکەن و، پێویستە لە دانانی ستافی کاری سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتیی حکومەت و وەزارەت و دەزگا و دامەزراوەکانی کوردستان شارەزایی و لێهاتوویی و دڵسۆزی کەسەکان بە بنەما بگرن، نەك بنەمای حزبیبوون، کارێکی وابکەن کەوا حکومەتی کوردستان ببێتە حکومەتی هەموو خەڵکی کوردستان، نەك حکومەتی ئەم حزب و ئەو حزب.

حکومەتی کوردستان پێویستی بە خوێنی نوێ هەیە، پێویستە بیر لە نۆژەنکردنەوەو دارشتنەوەی تەواوی ستافی وەزارەت و دەزگاو دامەزراوەکانی حکومەتی کوردستان بکرێتەوەو خوێنی نوێی تێکەڵ بکرێت و، بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستان بە بنەما وەربگیرێت، نەك بەرژەوەندی حزبی، بۆیە پێویستە حکومەت لە کەسانی گەندەڵ و مشەخۆر و نەشارەزا پاکبکرێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستمان بە بڕیاری بوێرانەو یەکلاکەرەوە هەیە.

بێگومان ئەرکی هەرە لە پێشی کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانی کوردستان و دابینکردنی هەلی کار و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتر و چاککردن و پێشخستنی سێکتەرە خزمەتگوزارییەکانە، بەتایبەتی سێکتەری کارەبا، پێویستە حکومەت باشترکردنی ئەم بوارانە بە بنەما بگرێت و هەنگاوی جددیشی بۆ بهاوێت.

لە چەند ساڵی رابردوودا پرۆژەی رەشنووسی (دەستووری کوردستان) ئامادەکرا و پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کرد، بەڵام بە هۆی روانینی جیاوازی لایەنە سیاسییەکان بۆ چەند پرسێك، نەخرایە راپرسییەوە، پێویستە سەرۆکایەتیی کوردستان و سەرۆکایەتیی حکومەتی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئەم پرسە یەکلا بکەنەوە، کاربکەن بۆ دارِشتنەوەی (دەستووری کوردستان) بە شێوازێکی سەردەمییانە و پاشان بخرێتە راپرسییەوە و پەسەند بکرێت، بەمەش کوردستان دەبێتە خاوەن دەستووری خۆی و زۆر کێشەی یاساییشمان بۆ چارەسەر دەبێت.

زۆر گرنگە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان پلانێکی تۆکمەی هەبێت بۆ ئەوەی کوردستان لە وڵاتێکی بەکاربەرەوە بکاتە وڵاتێکی وەبەرهێن، ئەوەش بە گرنگیدانی زیاتر و پێشخستنی کەرتی نەوت و کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری دەبێت، بۆیە پێویستە هانی وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی بدرێت بۆ پێشخستنی ئەو کەرتانە و بنیاتنانی پرۆژەی ستراتیژی لەم بوارانەدا، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ بووژانەوەی ئابووریی کوردستان و کەمکردنەوەی بێکاری و پشت بەخۆبەستن.

لە رووی سیاسییەوە؛ پێویستە حکومەتی کوردستان کرانەوەیەکی نوێی بە رووی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان هەبێت و، کەشێکی وا دروست بکات، کەوا هەموو حزبەکانی کوردستان حکومەت بە هی خۆیان بزانن، ئەوانەی کە بەشدارن لە حکومەت و ئەوانەشی کە بەشدار نین، پێویستە مامەڵەیەکی گونجاویان لەگەڵدا بکرێت، نەك دەرگا بۆ هەندێ حزب بکاتەوەو، لەسەر هەندێ حزبیش دەرگا دابخات. زۆر گرنگە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بیر لەوە بکاتەوە ناوەندی سیاسیی کوردستان رێکبخاتەوەو لەو پەرش و بڵاوییە رزگاری بکات، بۆ ئەمەش دامەزراندنی (ئەنجومەنی سیاسیی کوردستان) کە تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بگرێتە خۆ چارەسەرێکی گونجاوەو، لەهەمان کاتدا دەبێتە پاڵپشتێك بۆ سەرۆکایەتی و حکومەتی کوردستان.

ئەرکیکی دیکەی گرنگی حکومەتی کوردستان یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەو هێزەکانی دیکەی پاراستنی کوردستانە، بۆ ئەمەش پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان هاوکارو پشتیوانی حکومەتی کوردستان بن. بێگومان پاراستنی کوردستان پێویستی بە هێزێکی پرِچەك و مەشقکراو و یەکگرتوو هەیە، بۆیە پێویستە لەم رووەوە هەنگاوی جددی بهاوێژرێت.

کاری رەڤەندی کوردستان لە دەرەوەی وڵات پەرش و بڵاوەو ئۆرگانیزە نەکراوە، بێگومان رەڤەندی کوردستان هێزێکی کاریگەرن بۆ ناساندنی زیاتری پرسی کوردستان بە وڵاتانی دەرەوەو لوبیکردن و دروستکردنی فشار لەسەر ناوەندە برِیار بەدەستەکانی وڵاتان بۆ پشتیوانیکردنی زیاتری دۆزی رەوای گەلی کوردستان، بۆیە پێویستە حکومەتی کوردستان بیر لەوە بکاتەوە لە داهاتووی نزیکدا بەرنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی هەبێت بۆ ئۆرگانیزەکردن و یەکخستنی تواناکانی رەڤەندی کورد لە دەرەوەی کوردستان، لەم پێناوەشدا دەکرێ نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی کوردستان زیاد بکرێن و لە زۆربەی وڵاتان بکرێنەوە، بۆ ئەوەی سەرەرِای کاری دیپلۆماسی خۆیان لەم بوارەشدا رۆڵ ببینن.

ئەو خاڵە سەرەتاییانەی کە باسمانکردن، دەستپێکێکی گرنگ دەبن بۆ کاری داهاتووی سەرۆکایەتیی کوردستان و کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان، بۆیە پێویستە بەهەند وەربگیرێن و کاریان لەسەر بکرێت. سەرەرِای ئەمانە توانا و لێهاتوویی بەرِێزان (نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی) و پشتیوانی و ئەزموون و سیاسەتی خۆرِاگرانەو کوردستانییانە و حەکیمانەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئەوان، ئاماژەیەکی گرنگن کەوا لە چوار ساڵی داهاتووی کوردستان کاری گرنگ و مەزن ئەنجام دەدرێن و، کوردستان قۆناخە سەختەکان دەرباز دەکات و بەرەو خۆشگوزەرانی و ئاوەدانی و ئارامیی زیاتر هەنگاو دەنێت، بۆیە پێویستە بە گەشبینییەوە بۆ ئایندە برِوانین.

دکتۆر محەمەد ڕێکانی
ئەندامی داواکاری گشتی بۆ گوڵان:

# پێویستە داواکاری گشتی سەربەخۆ بێت و یاسایەکی بەهێزی هەبێت

**کاتێك باسی حکومەت و پەرلەمانی بەهێز دەکرێت، ئەوا دەبێت بوار بۆ سەرجەم دامودەزگاکان بڕەخسێندرێت بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن و ئەدایان لە ئاستی چاوەڕوانکراودا بێت، هەتا پێکەوە بتوانن بە باشترین شێوە ڕۆڵی خۆیان ئەدا بکەن، دەزگای داواکاری گشتیش لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی بنەڕەتی و بەرچاوی هەیە و بەهێزبوونی ئەم دەزگایەش بۆتە پێویستییەك کە چیتر دواخستن و خەمساردی هەڵناگرێت، ئەم پرسە بووە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ د.محەمەد ڕێکانی ئەندامی داواکاری گشتی.**



*** لە ئێستای کوردستاندا زۆر باس لە حکومەت و پەرلەمانی بەهێز دەکرێت، ئایا دەکرێت بۆ دەسەڵاتێکی دادوەریی بەهێزیش باس لە داواکارێکی گشتی بەهێز بکەین؟ لەم چوارچێوەیەدا ئایا دەتوانین بڵێین لە کوردستاندا داواکارێکی گشتیی بەهێزمان هەیە؟**

- لەهەر وڵاتێك، یان لە هەر دەزگایەك کە ئیدارەی وڵاتێك دەکات، ئەوا پێویستمان بە بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان هەیە، واتە (سێ دەسەڵاتەکان دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکاری ) لە یەکدی جیابکرێنەوە، تاوەکو هەر یەکێك لەوانە کاری خۆی بکات، ئەگەر بمانەوێت کوردستانێکی بەهێز وەکو هەرێمێك، یان دەوڵەتێك کار بکات، ئەوە پێویستمان بەوە هەیە هەر یەکێك لەو سێ دەسەڵاتە سەربەخۆ بن، تاوەکو بتوانن کاری خۆیان بکەن و، داواکاری گشتیش وەکو یەکێك لە دەزگاکانی دادوەری پێویستی بەوە هەیە هەم سەربەخۆیی خۆی هەبێت، هەم یاسایەکی بەهێزیشی هەبێت، بەڵام ئەو یاسایەی ئێستای داواکاری گشتی لە کوردستان، یاسایەکی کۆنە و لەگەڵ بارودۆخی ئێستا ناگونجێت، بۆیە پێویست بەوە دەکات هەمووارکردنەوە لە یاسای دواکاری گشتی ئەنجام بدرێت. هەر چەندە ئەو یاسایەی ئێستای داواکاری گشتی، تا رادەیەك کاری خۆی کردووە، بەڵام کارەکانی داواکاری گشتی بەپێی ئەو یاسایەی هەیە زیاتر لەناو دادگاکانە و زیاتر لەو شوێنانەیە کە دەسەڵاتی هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی کارێك بکرێت کە جێگای ئومێد بێت و لە ئاست چاوەڕوانی خەڵکدا بێت، ئەوا دەبێت داواکاری گشتی کارێکی فراوانتر بکات، کەواتە یاسای داواکاری گشتی پێویستی بە هەمووارکردنەوە هەیە، یان دەبێت یاسایەکی دیکەی بۆ دەربچێت. ئێمە تا ئێستاکە زیاتر لە سێ پڕۆژە یاسای داواکاری گشتیمان بۆ حکومەت و پەرلەمانی کوردستان رەوانە کردووە لەو سێ یاسایەدا دوو پڕۆژە یاسایان لەساڵی ٢٠١٥ خوێندنەوەی یەکەمیان لە پەرلەمانی کوردستان بۆ کراوە و ئەو دوو پڕۆژە یاسایە تا ئێستاکە پەسند نەکراون. هەر بۆیە لەم

**ئەو یاسایەی ئێستای داواکاری گشتی لە کوردستان، یاسایەکی کۆنە و لەگەڵ بارودۆخی ئێستا ناگونجێت**

**لەم خولە تازەیەی پەرلەمانی کوردستان دەبێت پرۆژە یاسایەکی دیکە بۆ داواکاری گشتی ڕەوانەی پەرلەمان بکەین، تاوەکو ئەو ئومێدانەی خەڵک بە داواکاری گشتی هەیەتی، لەناو ئەو یاسایەدا جێگای بکرێتەوە**

**هەر بڕیارێک لەلایەن دادوەر دەردەچێت، دەبێت لە سەرتاسەری عێراق جێبەجێ بکرێت، ئەمەش ئەرک و دەسەڵاتی جێبەجێکارە کە دەبێت ئەنجامی بدات کە لە پۆلیس و ئاسایش و لایەن و هێزی دیکە پێکدێن**

خولە تازەیەی پەرلەمانی کوردستان دەبێت پرۆژە یاسایەکی دیکە بۆ داواکاری گشتی ڕەوانەی پەرلەمان بکەین، تاوەکو ئەو ئومێدانەی خەڵک بە داواکاری گشتی هەیەتی، لەناو ئەو یاسایەدا جێگای بکرێتەوە.

*** ئەگەر بە راشکاوی باس لە ڕۆڵی داواکاری گشتی بکەین، ئایا لە کوردستاندا چۆن دەبینە خاوەن داواکاری گشتیی بەهێز و ڕۆڵی داواکاری گشتیی بەهێز بۆ گەرەنتی سەروەریی یاسا چۆن دەبێت؟**

- داواکاری گشتی و هەر دەزگایەکی دی پێویستی بەوە هەیە یاسایەکی تۆکمە و هاوچەرخی هەبێت، بەڵام ئەو یاسایەی داواکاری گشتی کە ئێستا لەئارادایە و لەساڵی (١٩٧٩) دەرچووە، دەبێت ئەم یاسایە چەندەها گۆڕانکاری بەسەردا بێت بۆ ئەوەی داواکاری گشتی بتوانێت بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت بۆ پاراستنی سامانی گشتی و مافی گشتی و سیستمی دیموکراتی لەم وڵاتە. ئەوەشیان بە دەسەڵات دەکرێت، کە مەبەستمان لەوەیە دەبێت بەپێی یاسا دەسەڵات بە داواکاری گشتی بدرێت، چونکە داواکاری گشتی ناتوانێت لە دەرەوەی یاسا کارێکی دیکە بکات.

*** هەندێک کەس کە باسی دادگاکانی کوردستان دەکەن، راشکاوانە ئەوە دەخەنەڕوو کە جۆرێک لە دووئیدارەیی لەناو دادگاکانی کوردستاندا هەیە، ئەمەش بەو مانایەی زۆر کەیسی تاوان هەیە کە لە شارێکی کوردستان ئەنجامدراوە و لە شارەکانی دیکە ئەو تاوانبارانە دەستگیر ناکرێن، ئایا ئێوە وەک داواکاری گشتی تاچەند دەتوانن لەسەر ئەم کەیسانە بێنەدەنگ؟**

- دادگاکان کە بڕیاریان دەرکرد، پێویستە جێبەجێ بکرێن. کاتێک دادوەرێک -لە گەرمیان، هەڵەبجە، یان دهۆک بێت- بڕیارێک دەردەکات، ئەوا دەبێت ئەو بڕیارە لەسەرتاسەری کوردستان و بگرە لە سەرتاسەری عێراقیش جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەوەی جێبەجێی دەکات، دەسەڵاتی جێبەجێکردنە کە پۆلیس و ئاسایشی هەیە و دەبێت جێبەجێی بکات. بۆ نموونە بڕیارێک کە لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر لەسەر تۆمەتبارێک دەردەچێت کە لە هەڵەبجەیە، یان لە سلێمانی، یان لە دهۆکە، ئەوا لە کاتی گەیشتنی بڕیاری دەستگیرکردنەکە بەو شوێنە، ئەو بڕیارە دەنێردرێت بۆ ئەو جێگایەی کە تۆمەتبارەکەی لێیە، بۆ نموونە بنکەی پۆلیسی گەڕەک یان ناوچەکە، ئەو کاتە پێویستە ئەو فەرمانە جێبەجێ بکرێت، واتە پێویست بەوە ناکات دووبارە دادگای ئەو شوێنە بڕیارەکە دەربکاتەوە، بەڵکو کە بڕیارەکە دەرچووە، ئەوە ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە کە بڕیارەکان جێبەجێ بکات. چونکە جاری وا هەیە نووسراوێک لە دادگای ئەنبارەوە دێت کە بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتبارێکە و ئەوە دەبێت لێرە و لە سەرتاسەری عێراق جێبەجێ بکرێت، واتە هەر بڕیارێک لەلایەن دادوەر دەردەچێت، دەبێت لە سەرتاسەری عێراق جێبەجێ بکرێت، ئەمەش ئەرک و دەسەڵاتی جێبەجێکارە کە دەبێت ئەنجامی بدات کە لە پۆلیس و ئاسایش و لایەن و هێزی دیکە پێکدێن. هەرکاتێک دەسەڵاتی جێبەجێکردن بڕیاری دادگای پێدەگات، ئەرکە لەسەری کە جێبەجێیَ بکات، ئەگەر جێبەجێی نەکرد، ئەوا داواکاری گشتی بەدواداچوونی بۆ دەکات بۆ ئەوەی بزانرێت بۆچی جێبەجێی ناکەن. لەلایەکی دیکەوە جێبەجێکردنی بڕیارەکان هیچ پەیوەندی بە دووئیدارەییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە دەسەڵاتی پۆلیس و ئاسایشەوە هەیە، بۆ نموونە کە لەکاتێکدا دادگای سلیمانی بڕیاری دەستگیرکردنی تۆمەتبارێکی دەرکرد کە ئەو تۆمەتبارە لە هەولێر بێت، ئەوا ئەم پرسە پەیوەندی بە دادگای هەولێرەوە نییە، بەڵکو دەبێت راستەوخۆ پۆلیسی هەولێر ئەو بڕیارە وەربگرن و جێبەجێی بکەن.

*** زۆر جار داواکاری گشتی، داوای لەسەر سیاسەتمەدارێك، یان بەرپرسێك بەرز کردۆتەوە و فەرمانی دادگای بۆ دەرچووە کە دەستگیر بکرێت، بەڵام بە ئازادی سەفەری کردووە و گەڕاوەتەوە کوردستان، ئایا ئەم بێ باکییە بەرامبەر بە یاسا کاریگەری لەسەر ڕۆڵی داواکاری گشتی نەبووە؟**

- ئەرکی داواکاری گشتی ئەوەیە کە سکاڵا تۆمار بکات و ئەگەر سکاڵای لەسەر هەر تۆمەتبارێک تۆمارکرد، ئەوا ئەو سکاڵایە لە دادگاکان لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرێت و بڕیاری بۆ دەردەچێت، ئیدی بە دەستگیرکردن بێت، یان قەدەغەکردنی سەفەر لەسەر تۆمەتبارەکە، لەپاشان ئەو بڕیارەی دادگا دەچێتە فڕۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکان، ئەوا دەبێت ئەو شوێنانە بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، واتە ئەو شوێنانەی کە بڕیارەکەیان بۆ دەچێت و جێبەجێ ناکەن، ئەوە ئەوان کەمتەرخەمن، کەواتە ئەگەر بڕیارەکە بەو شوێنانە گەیشتبێت و جێبەجێشی نەکردبێت، ئەوە لەلایەن داواکاری گشتی دەبێت ڕێکاری یاسایی دژی ئەو لایەنە بگیرێتەبەر کە بڕیارەکەی جێبەجێ نەکردووە.

*** لە کوردستاندا خەریکە میدیا دەبێت بە هەڕەشە لەسەر پرۆسەی حوکمڕانی و سەروەریی یاسا، ئایا ئێوە وەك داواکاری گشتی هەوڵتان نەداوە لەسەر ئەم پێشێلکارییە گەورەی کە دژی مافی گشتی دەکرێت کارێك بۆ ڕێکخستنەوەی کاری میدیایی لە کوردستان بکەن؟**

- سەرەتا بۆ بەرچاوڕونی دەبێت ئەوە بڵێین ئەگەر شتێك بەپێی یاسا قەدەغە نەکرابێت، ئەوە ئێمە وەکو داواکاری گشتی ناتوانین هیچ ڕێکارێك لەسەری بگرینەبەر. لەلایەکی دیکەوە ئێمە یاسای ڕۆژنامەگەری و یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنمان هەیە کە مۆبایل و فەیسبوك و ئەنتەرنێت دەگرێتەوە، لەیاساکاندا هەر هەمووی دیارو روونە، و ئەگەر هاتوو یەکێك بەو ڕێگایانە خەڵکێکی دیکەی هەراسان کرد و تەشهیری بەرامبەر یەکێك ئەنجامدا، ئەوە لێرەدا مافی کەسی دروست دەبێت و دەبێت ئەو کەسەی کە ڕووبەڕووی هەراسانکردن، یان ناوزڕاندن بۆتەوە، خۆی بێتە دادگا و سکاڵا تۆمار بکات و لەوکاتەدا دادگا بەپێی یاساکە کاری بۆ دەکات و ئێمە ناتوانین لە جیاتی ئەو کەسە سکاڵا تۆمار بکەین. بەڵام داواکاری گشتی لە کاتێکدا دەتوانێت دەستێوەردان بکات، ئەگەر هاتوو بە ڕاستی مەسەلەکە ببێتە هەڕەشەیەك لە دژی ئابووری و ئاسایشی گشتی، یان لە ڕێگای هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، چ تەلەفزیۆن، یان ڕادیۆ، یان ئینتەرنێت، بەهەر شێوازێك شتێك بڵاو بکرێتەوە و زەرەر و زیان لە ئابووریی هەرێمی کوردستان بدات، یان هێرشێك بێت لە دژی ئاسایشی کۆمەڵگە و بیەوێت سەقامگیری کوردستان لەناو ببات، یان بیخاتە مەترسییەوە، ئەو کاتە داواکاری گشتی دەبێت بە ئەرکی خۆی هەستێت و سکاڵا لەسەر ئەو لایەنە تۆمار بکات کە ئەم هەڕەشەیەی دروست کردووە، چونکە داواکاری گشتی لەو حاڵەتەدا نوێنەرایەتی کۆمەڵگە دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕێکخراو سەندیکایانەی کە یەکێك دەکەنە ئەندامی خۆیان و ناسنامەی پێدەدەن پێویستە مەرج و پابەندبوونی ئەندامەکانیان بەپێی یاساکانیان بۆیان روون و دیاری بکەن، چونکە یاسای ڕۆژنامەگەری هەندێك ئاسانکاری، یان پارێزبەندی بۆ ئەندامەکانی کردووە، تاوەکو لەکاری خۆی کە نووسین و ڕادەربڕینە، ئازاد بێت، بەڵام نابێت نووسین و ڕادەربڕینەکان لەسەر کەسێك بڵاو بکاتەوە کە بگاتە ئەو ئاست و ڕادەیەی کە ناوزڕاندنی تێدابێت و دووربێت لەزانیاریی ڕاست، ئەو کات دادگاکان ڕێکاری یاسایی دەگرنەبەر لەبەر ئەوەی ئەوە لە دەرەوەی پیشەیی خۆی بە بێ ڕەچاوکردنی مەرج و یاساکە کارێکی دیکەی ئەنجامداوە. چونکە پیشەی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەگەری گەڕان و بەدواداچوونی ڕاستییەکانە تاوەکو ڕاستییەکان بە هاووڵاتیان بگەن، نەك ئەوەی کەسێك تەشهیر بە کەسێکی دیکە بکات کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەری نەبێت. هەر بۆیە کە بمانەوێت ئیجرائات لەگەڵ کەسێك بکەین ئەوە دادگا دەبێت بەو کارە هەستێت. بۆ نموونە، ئەگەر ڕۆژنامەنووسێك دەیەوێت گەندەڵکارێك ئاشکرا بکات، ئەوە دەبێت زانیارییەکان بە دادگا بدات بۆ ئەوەی ئەو دادگایە بە ئیجرائاتی خۆی هەستێت، تاوەکو بزانێت ئەو زانیارییانە لەسەر ئەو کەسە دراوە، ڕاستە یان وا نییە، چونکە هەموو کێشە و قەزیەیەك تا دادگا یەکلای نەکاتەوە و تاوەکو نەگاتە دواقۆناغ کە بڕیاری دادگای تەمییزە، ئەوە نازانین ئەو کەسە تاوانبارە، یاخود بێتاوانە و تاوەکو تۆمەتەکە بەتەواوی لەسەر تۆمەتبارەکە نەچەسپێت ئەوە ناکرێت ناوی ئەو کەسە بڵاوبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی بۆی هەیە لەقۆناغی دادگای تەمییز دەربکەوێت ئەو کەسە بێتاوانە. لەم حاڵەتەدا ئەو کەسەی ئەو تۆمەتەی بۆ دروست کردووە دەبێت ئیجرائاتی لەگەڵدا بکرێت. چونکە ئەگەر وانەبێت، هەر کەسێك دەتوانێت کەسێکی دیکە تۆمەتبار بکات، لە کاتێکدا لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا هەر کاتێك وترا کەسێك دراوەتە دادگا، ئەوە ناوبانگی ئەو کەسە زیانی پێدەگات. بۆیە لەمەدا دەبێت زۆر ئاگادارو هەستیار بین لەبەر ئەوەی کەسایەتی و ئازادیی خەڵك نابێت بە ئاسانی پێشێل بکرێت. کەواتە لە پەیوەندی بە مافی کەسییەوە، دەبێت خودی کەسەکە خۆی سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام لەسەرهەر قەزیە و سکاڵایەك کە پەیوەندی بە سامانی گشتی و مافی گشتی و بە ئاسایشی گشتی و بە تەندروستیی گشتی هەبێت، ئەوانە داواکاری گشتی دەتوانێت و ئەرکی خۆیەتی سکاڵا لەسەر تۆمەتبار تۆمار بکات و ئەرك و کاری هەموو هاووڵاتیەکیشە لەسەر ئەمانە زانیاری و ئاگاداری بە داواکاری گشتی بدات، چونکە بۆی هەیە داواکاری گشتی هەموو ئەو هۆکارانەی نەبێت کە ئاگاداری هەموو شتێك بێت، بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەنوسێك هەواڵی پێدرا، یان خۆی ئاگادار بوو لە شوێنێك فعلەن کارێك کراوە لە دژی بەرژەوەندیی گشتی، ئەوە دەتوانێ داواکاری

**ئەو ڕێکخراو سەندیکایانەی کە یەکێک دەکەنە ئەندامی خۆیان و ناسنامەی پێدەدەن پێویستە مەرج و پابەندبوونی ئەندامەکانیان بەپێی یاساکانیان بۆیان روون و دیاری بکەن**

**پیشەی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەگەری گەڕان و بەدواداچوونی ڕاستییەکانە تاوەکو ڕاستییەکان بە هاووڵاتیان بگەن، نەک ئەوەی کەسێک تەشهیر بە کەسێکی دیکە بکات کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەری نەبێت**

**ئەگەر ڕۆژنامەنووسێک دەیەوێت گەندەڵکارێک ئاشکرا بکات، ئەوە دەبێت زانیارییەکان بە دادگا بدات بۆ ئەوەی ئەو دادگایە بە ئیجرائاتی خۆی هەستێت، تاوەکو بزانێت ئەو زانیارییانە لەسەر ئەو کەسە دراوە، ڕاستە یان وا نییە**

**باڵادەستیی حزبە سیاسییەکان وادەکات دەسەڵات لە چوارچێوەی دامەزراوەیی و سەروەریی یاسا دەربچێت، ئەو کات سەروەریی بۆ خزمایەتی و حزبایەتی و میزاج و بەرژەوەندیی تاکەکەسی دەبێت و سەروەریی بۆ بەرژەوەندی گشتی نابێت**

**ئێستا لە کوردستاندا دەزگایەکی دیکە هەیە بە ناوی دەستەی دەستپاکی، کە ئەوان دەسەڵاتێکی زیاتریان لە ئێمە پێدراوە کە بەدواداچوون بکەن و سەردانی شوێنەکان بکەن و داوای دۆسییەکان بکەن**

گشتی لێ ئاگادار بکاتەوە، ئەو کات ئەوان هەڵدەستن بەو ئەرکەی کە پێیان سپاردراوە.

*** بەرپرسانی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش بە ئاشکرا ئەویان پێ گوتووین کە لە هەندێك شوێنی کوردستان تاوانباران دەستگیر ناکرێن، ئەوەشی ناهێڵێت دەستگیر بکرێت، حزبە سیاسییەکانن، ئایا دەکرێت لە وڵاتێکدا حزب دەسەڵاتی لە سەرووی یاساوە بێت؟ ئەگەر ئەمە گونجاو نییە، ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی یاسا لە سەرووی هەموانەوە بێت؟**

- ئەمە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی دەسەڵاتە فەرمییەکانی وڵات، بۆ نموونە کە پەرلەمان بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت بە چاودێریکردنی حکومەت و لێپرسینەوە لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساکانی، ئەگەر دادگاش بە شێوەیەکی بێلایەن کاری خۆی بکات، دەسەڵاتی جێبەجێکاریش کە حکومەتە بڕیارەکان جێبەجێ بکات، ئەو کاتە هیچ حزبێکی سیاسی ناتوانێت دەستێوەردان بکات. بەڵام ئەگەر بینیان پەرلەمان بە ئیشی خۆی هەڵناسێت و دەسەڵاتی دادوەری بێلایەن نەبووە و دەسەڵاتی جێبەجێکار بە کاری خۆی هەڵناسێت، ئەو کاتە بەئاسانی ڕێگا خۆش دەکرێت بۆ ئەوەی حزبێکی سیاسی باڵادەست بێت. هەروەها لێرەدا ئیشکالیەتەکە لەوەدایە ئەو پەرلەمان و حکومەتەی هەیە هەر لەلایەن حزبەکانەوە پێکهاتووە، کە دەبێت بەپێی یاسا دەسەڵات بەو لایەنانە بدرێت، واتە هەر یەکێك لەمانە یاسای خۆیان هەیە کە کاری لەسەر دەکەن، ئەگەر هاتوو ڕێگایان دا بەئاسانی دەستێوەردان بکەن لە کارەکانیان، ئەوا ئەو کات باڵادەستی بۆ حزبە سیاسییەکان دەبێت، ئەمەش وای لێدەکات لە چوارچێوەی دامەزراوەیی و سەروەریی یاسا دەربچێت، ئەو کات سەروەریی بۆ خزمایەتی و حزبایەتی و میزاج و بەرژەوەندیی تاکەکەسی دەبێت و سەروەریی بۆ بەرژەوەندی گشتی نابێت.

*** سەبارەت بە کەیسی گەندەڵی، ئایا ئێوە وەك داواکاری گشتی چاودێری بەرپرسە گەندەڵەکان دەکەن کە دەستدرێژی بۆ سەر مافی گشتی دەکەن؟ مەبەستمان ئەوەیە ئایا ئێوە خۆویستانە چاودێری و لێکۆڵینەوە لەو دیاردانە دەکەن کە ڕۆژانە لەسەر بەرپرسان لە میدیاکانەوە بڵاو دەبێتەوە؟ ئایا ئێوە ئەو دەسەڵاتەتان هەیە ئەم کارە بکەن؟**

- ئێمە وەکو داواکاری گشتی لە چوارچێوەی یاسای داواکاری گشتی کار دەکەین، ئەو دەسەڵاتەی کە لەو یاسایە بە ئێمە دراوە، تۆمارکردنی سکاڵایە لەسەر ئەو هەواڵ و زانیارییانەی کە بە ئێمە دەگات. هەروەها ئێستا لە کوردستاندا دەزگایەکی دیکە هەیە بە ناوی دەستەی دەستپاکی، کە ئەوان دەسەڵاتێکی زیاتریان لە ئێمە پێدراوە کە بەدواداچوون بکەن و سەردانی شوێنەکان بکەن و داوای دۆسییەکان بکەن. بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵاتێکی زیاتریان هەیە لە بواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. بەڵام ئێمە وەکو ئەندامانی داواکاری گشتی ناتوانین چاودێری کەسێك بکەین، ئەگەر پێشتر زانیارییەکمان لەسەری نەبێت، بەڵام لەکاتێکدا زانیارییەکمان لەسەر کەسێك لە فەرمانگەیەك پێدەگات، ئەو کات بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە دەکەین. ئێمە زیاتر لەسەر دۆسیە و کەیسەکان ئیش دەکەین، نەوەك لەسەر کەسەکان، بەڵام ئەگەر هەوڵ و زانیارییەکمان لەسەر کەسێك بۆ بێت کە کارێکی کردووە و کارەکەی سەرپێچی یاساییە، یان دژی مافی گشتییە، ئەو کات ئێمە کار لەسەر ئەو دۆسیەو کەسە دەکەین، بەڵام ئێمە لایەنێکی چاودێری نین لەسەر خەڵك.

*** لەساڵی ٢٠١٤ تا دەگاتە ساڵی ٢٠١٨ ساڵ لەدوای ساڵ سکاڵاو ئەو کێشانەی کە بۆ ئێوە هاتووەو تۆمارکراون زیادی کردووە، ئایا هۆکاری زیادبوونی ژمارەو ڕێژەی سکاڵاکان چییە و چۆن و چەندتان لەو داواو سکاڵایانە یەکلا کردووەتەوە؟**

- داواکاری گشتی چەند جۆرە کارێکی هەیە، کە هەندێکیان لەو کارانەمان پەیوەندی بە چاودێریکردنی بڕیارەکانی دادگاوە هەیە، کە ئەمەش هەمووی کێشەیەك دەگرێتەوە کە جەزائین و ئەوانەی کە مەدەنین و ئەوانەی پەیوەندیان بە دەوڵەتەوە هەیە، هەر داواکاری گشتی داخیل دەبێت و کاری لەسەر دەکات. هەروەها دەستەی مافی گشتیمان هەیە کە کاری ئەوان تایبەتە بە بەدواداچوونی ئەو کەیسانە کە پەیوەندییان بە ماف و سامانی گشتییەوە هەیە، بەڵام ئەو کەیسە زۆرانەی کە دەبیندرێت و لەلایەن داواکاری گشتی تۆمارکراون، ئەوە مەرج نییە هەر کەیسەك هەبوو بە ناوی گەندەڵی یان جەزائی فعلەن وابێت، بەڵکو بۆی هەیە لەپاش بەدواداچوون و لە دواجاردا بڕیار بە داخستنی دۆسیە بدرێت، لەسەر بنەمای نەبوونی بەڵگە. کەواتە زۆربوونی کەیسەکان مەرج نییە بە مانای ئەوە بێت کە ئەو کارانە ئەنجام دراون. بەڵام لەگەڵ ئەوەش بۆی هەیە تاوانی زۆر خراپ و گەورەش هەبێت، ئەگەرچی بە ئێمە نەگەیشتووە، یاخود نەتوانراوە بەڵگەی لەسەر بەدەست بهێندرێت، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە هەندێ بوارو کەرتی

تایبەتەوە. بەڵام گرنگە زیاتر سکاڵاو کێشەکان ببرێنە دادگا، نەك لە دەرەوەی دادگا هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێت، چونکە کە کێشە نەگاتە دادگا ئەوا رەنگە لە دەرەوە و بە شێوەی عەشائیری و حزبی چارەسەر بکرێت و بۆی هەیە مافی کەسێك، یان لایەنێك لە کێشەکەدا و هەندێجار مافی گشتی پێشێل بکرێت، بۆیە پێویستە هەموو کێشەو سکاڵایەك ببرێتە دادگا تاوەکو یاسا سەروەر بێت، بەڵام دادگاش دەبێت لە یەکلاکردنەوەی دۆسیەو کێشەکاندا پەلە بکات و رۆتین کەم بکاتەوە، تاوەکو کێشەو دۆسیەکان زۆر لەسەر یەکتر کەڵەکە نەبن، بۆ ئەمەش لەبری ئەوەی یەك دادگا هەبێت، ئەوا باشترە چەند دادگایەك بکرێتەوە تاوەکو بە زووترین کات کێشەکان یەکلا ببێتەوە و خەڵکیش تووشی ماندووبن و نائومێدی نەبن و بۆ ئەوەی نەڵێین ئەگەر ئێمە کێشە بەرینە دادگا ئەوا پێنج ساڵی پێدەچێت، تا یەکلا ببێتەوە، ئەمانەش هۆکارن بۆ ئەوەی خەڵکی پەنا بباتەبەر چارەسەر و دەسەڵاتێکی دیکە.

*** ئایا هۆکار چییە هەندێك لەو دۆسیە گەندەڵییانەی لە کوردستان هەیە، تاوەکو ئێستا نەتوانراوە یەکلابکرێتەوە، یاخود ئەو دۆسیانە بەکوێ گەیشتوون کە زیاتر سپیکردنەوەی موڵك و ماڵ بووە؟**

- ئێمە هەر لەساڵی (٢٠٠٨ و ٢٠٠٩)دەستەیەکمان پێکهێنا بە ناوی دەستەی مافی گشتی و ئەو دەستەیە لە (٦ تا ٧) دادوەری داواکاری گشتی پێکهاتبوو، لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان، کە تایبەتە بە بەدواداچوونی ئەو کەیسانەی کە پەیوەندی بە سامانی گشتی و گەندەڵی لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا هەیە و ئەو دەستەیەش زۆر ئیشی کردووە، بە هاوکاریی چاودێری دارایی، ئەو کات لە سلێمانی و کارێکی زۆر لەگەڵ راگەیاندن لە هەولێر بۆ ئەو مەبەستە ئەنجامدرا و زۆر کەیسشیان بەدادگا داوە. بەڵام پاشان کە دەستەی دەستپاکی دروستبوو، ئەوە دەسەڵاتی زیاتر بە ئەوان درا و ئەو کەیسانەی گەندەڵی لەلای ئەوانە و ئەوان دەتوانن بەدواداچوون بۆ ئەو دۆسیانەی گەندەڵی بکەن، هەر ئەوانیش دەزانن ئەو کەیسانە بۆ یەکلا ناکرێنەوە و بۆچی ناتوانن رێکاری یاسایی دژی ئەو کەس و دۆسیە گەندەڵییانە بگرنەبەر. هەروەها دەستەی دەستپاکی پاش ئەوەی کە کەیسەکە و زانیاری لە بارەیەوە کۆدەکەنەوە، ئینجا رەوانەی دادگای دەکەن، بەڵام پێش ئەوەی کەیسەکە بۆ دادگا بنێرن، دەبێت ئەو هەواڵ و زانیارییانەی سەر کەیسەکە پشتراست بکەنەوە و بەڵگەیەکیان لەدەست بێت، لەبەر ئەوەی دادگا هیچ رێکارێك ناگرێتەبەر بەبێ بەڵگە، بۆیە، یەکەم: تاوەکو بەڵگەی فەرمی یان شاهێد نەبێت، ئەوا ناتونرێت هیچ رێکارێك بگیرێتەبەر. خاڵی دووەم ئەوەیە دەبێت ئەم رێکارانە بە گوێرەی یاسا ئەنجام بدرێت، کە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، دەبێت داواکاری گشتی دەسەڵاتی بەرفراوانتری پێ بدرێت. ئەو یاسایەی داواکاری گشتی کە ئێستا ئێمە کاری پێ دەکەین لە عێراق نەماوە و بە یاسایەکی دیکە گۆڕاوە کە لەساڵی ٢٠١٧ دەرچووە، کە داواکاری گشتی دەسەڵاتێکی بەرفرەوانتر و زیاتری پێ دراوە، بەتایبەتی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، هاوکات پێویستە یاسای داواکاری گشتی لە کوردستانیش بگۆڕدرێت و تێیدا دەسەڵاتێکی زیاترمان پێ بدات، هەر بۆیەش زۆر داوا دەکرێت لە خولی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی نوێ بۆ داواکاری گشتی دەربچێت کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا بگونجێت و لە ئاستی ئومێدی خەڵك بێت و ئەو ئامانجە بەدی بهێنێت کە بۆ ئەو دەزگایە بۆ داواکاری گشتی دانراوە، کە بریتییە لە پاراستنی مافی گشتی و سەروەت و سامانی گشتی. چونکە لە راستیدا ترسناکترین تاوان، تاوانی گەندەڵییە کە خەڵکی ئێستاو نەوەی داهاتوو هەموو تێیدا دەبنە قوربانی، بێ کارەبایی و بێ ئاوی و بێ سەروەت و سامانی هەر هەمووی بەهۆی لە گەندەڵییەوە دەست پێدەکات، چونکە لەم حاڵەتەدا مافی کەسێکت هەیە کە کەسێکی دیکە دەستی بەسەردا دەگرێت و مافی میللەتێکت هەیە کە چەند کەسێك دەستی بەسەردا دەگرن. ئەمانە هەر هەمووی پێویستی بەوەیە کە دەسەڵاتێکی زیاتر بە داواکاری گشتی بدرێت، تاوەکو بە ئەرکەکانی هەڵبستێت. من وەکو ئاگادارم لە کابینەی حەوتەم دروشمێك هەبوو کە بریتی بوو لە بەهێزکردنی داواکاری گشتی، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەوە هەر بە دروشم ماوەتەوە. بەڵام هیوادارم لەم کابینەی تازەی حکومەت و خولی پێنجەمی پەرلەماندا بەهێزکردنی داواکاری گشتی بکرێتە بەرنامە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو چاکسازییانە بکرێت کە خەڵك خوازیاری ئەنجامدانیانن، چونکە داواکاری گشتی لە رێی دادگاوە نوێنەرایەتی کۆمەڵگە دەکات و زۆر گرنگە بایەخی پێ بدرێت.

**پێویستە هەموو کێشەو سکاڵایەک ببرێتە دادگا تاوەکو یاسا سەروەر بێت، بەڵام دادگاش دەبێت لە یەکلاکردنەوەی دۆسیەو کێشەکاندا پەلە بکات و رۆتین کەم بکاتەوە، تاوەکو کێشەو دۆسیەکان زۆر لەسەر یەکتر کەڵەکە نەبن**

**ترسناکترین تاوان، تاوانی گەندەڵییە کە خەڵکی ئێستاو نەوەی داهاتوو هەموو تێیدا دەبنە قوربانی، بێ کارەبایی و بێ ئاوی و بێ سەروەت و سامانی هەر هەمووی بەهۆی لە گەندەڵییەوە دەست پێدەکات**













# کۆنسێرتی سیاسیی نێوان لایەنە بەشدارەکان

# مەرجی پێشوەختەیە بۆ حوکمڕانییەکی بەهێز

سیستمی سیاسی، ئەوجا ئەو سیستمە بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتێك بێت، یان سیستمێك بێت بە ناوی (سیستمی جیهانی) بۆ دابینكردنی ئاشتی و سەقامگیریی نێودەوڵەتی، ئەگەر بمانەوێت بە تەواوەتی پێی بگوترێت: «سیستمێكی سیاسیی سەقامگیر»، ئەوا دەبێت لە سەرەتاوە راشكاوانە ئەو راستییە بڵێین كە «سیستمی سیاسیی سەقامگیر» حاڵەتێكی دەگمەنە و دەكرێت تا رادەیەك بڵێین مەحاڵیشە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە سیستمی سەقامگیر ئەوجا (دەوڵەتی بێت، یان جیهانی) بەردەوام سەقامگیرییەكەی پێویستی بە پاراستن هەیە.

بۆ پاراستنی سەقامگیریی سیستمی سیاسی، (لەسەر ئاستی دەوڵەتێك بێت، یان كۆی جیهان)، خۆشبەختانە تەنیا یەك رێگە هەیە، ئەویش هەماهەنگی و هاوكاری و هاوسەنگیی نێوان ئەو لایەنە سیاسییانەیە كە لە چوارچێوەی بیركردنەوەیەكی تازەدا دەبنە بەشێك لە سیستمی سیاسیی دەوڵەت، لەسەر ئاستی جیهانیش دیسان سەقامگیریی سیستمە جیهانییەكە، تەنیا بە هەماهەنگی و هاوكاری و هاوسەنگیی نێوان ئەو دەوڵەتە گەورانە دەكرێت، كە لە چوارچێوەی بیركردنەوەیەكی نوێ بۆ رووبەڕووبوونەوە و چارەسەركردنی كێشەكانی ئێستای جیهان دەبنە لایەنی سەرەكی لە سیستمە جیهانییە تازەكەدا.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە و لەسەر ئاستی جیهان، رێكخراوی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان وەك پەرلەمانی جیهان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وەك حكومەتی جیهان، وێنا بكەین، ئەوا لەبەر ئەوەی هاوسەنگی و هاوكاری و هەماهەنگیی نێوان دەوڵەتە گەورەكان بەتایبەتی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش تێكچووە و ناتوانن وەك تیمێك لە ناو یەك كۆنسێرتدا هاودەنگ و هاوئاواز بن، وەك ئێستا دەبینین نەتەوەیەكگرتووەكان و ئەنجومەنی ئاسایش وەك پەرلەمان و حكومەتێكی شكستخواردوو وان كە لە هیچ كێشەیەكی جیهانیدا ئیعتوباریان نەماوە. ئەمە لەسەر ئاستی دەوڵەتێكیش هەر بە هەمان شێوەیە. هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری سیستمی سیاسیی ئەمریكا بكەین، كە هەتا ئێستاش بە بەهێزترین سیستمی سیاسی لەسەر ئاستی جیهان لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە كە هەردوو پارتی سەرەكی (كۆماری و دیموكراتی) بوونە دوو حزبی ئایدیۆلۆژی و هاوسەنگی و هەماهەنگی و هاوكاریی نێوانیان درزی تێكەوت، ئەوا سیستمی سیاسیی ئەمریكا چیتر نەیتوانی وەڵامی خواست و داواكاریی هاووڵاتیانی بداتەوەو میكانیزمێك بدۆزیتەوە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانیان، بۆیە لە نۆڤمبەری ٢٠١٦ خەڵكی ئەمریكا دەنگیان بەو كاندیدە دا كە مەرگی سیستمە سیاسییە كۆنەكەی راگەیاند.

ریچارد هاس سەرۆكی ئامۆژگای ئەنجومەنی پەیوەندییەكانی دەرەوە و خاوەنی كتێبی (جیهان لە پاشاگەردانیدا - A World in Disarray)، لە دوایین توێژینەوەیەدا كە لە ژمارەی تازەی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بە ناونیشانی: «سیستمە كۆنەكەی جیهان چۆن كۆتایی دێت و چ سیستمێك لەسەر پاشماوەی ئەو دروست دەبێت؟» راشكاوانە ئاماژەی بەوە كردووە كە سیستمی سیاسیی (جیهانی یان دەوڵەتی) لە سەرەتاوە ئاماژەكانی لەبەریەك هەڵوەشانی لێ دەردەكەوێت، بەڵام بڕیارسازان لە سەرەتاوە ئەو ئاماژانە نابینن كە لێی دەركەوتووە، بۆیە كاتێك هەستی پێدەكەن كە چیدیكە ئەو سیستمە زیندوو ناكرێتەوە و هەر كەسیكیش هەوڵی زیندووكردنەوەی ئەو سیستمە كۆنە بدات، ئەوا هەوڵەكانی بێهوودە دەبن. هەر بۆیە كە سیستمی سیاسی گەیشتە ئەم حاڵەتە، ئەوا هیچ رێگەچارەیەك لە بەردەم بڕیارسازان نامێنێتەوە، بێجگە لەوەی دەبێت راشكاوانە دان بە دوو راستیی گرنگدا بنێین، ئەوانیش بریتین لە:

١. دەبێت دان بەوەدا بنرێت كە سیستمە سیاسییەكە كۆنەكە هەرگیز زیندوو ناكرێتەوە و دەبێت هەوڵەكان بخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی سیستمێكی تازە دروست بكرێت (لەبەر ئەوەی سیستمی سیاسی لە دایك نابێت).

٢. ئەم دانپێدانانە دەبێت، دانپێدانانێكی هەمەلایەنە بێت و هەموو لایەنە بەشدارەكانی ناو پرۆسە سیاسییەكە دان بەوەدا بنێن كە بە سیستمە كۆنەكە حوكمڕانی ناكرێت.

**بۆ پاراستنی سەقامگیریی سیستمی سیاسی، (لەسەر ئاستی دەوڵەتێک بێت، یان کۆی جیهان)، خۆشبەختانە تەنیا یەک رێگە هەیە، ئەویش هەماهەنگی و هاوکاری و هاوسەنگیی نێوان ئەو لایەنە سیاسییانەیە کە لە چوارچێوەی بیرکردنەوەیەکی تازەدا دەبنە بەشێک لە سیستمی سیاسیی دەوڵەت**

**جارێکی دیکە ئەو سیستمە جیهانییە زیندوو نابێتەوە کە تیایدا ئەمریکا وەک ژمارە (یەک) بانگەشە بۆ خۆی بکات و کۆی دەوڵەتانی جیهانیش ئەو بانگەشەیەی ئەمریکا قبووڵ بکەن**

**ئەو پێوەر و بەهایانەی وەک (مافی پەنابەری، فرەکەلتووری، کەرامەتی مرۆڤ، ئازادیی رادەربڕین، سیستمی دامەزراوەیی، ئابووری و بەرگریی هاوبەش و.. هتد) کە ماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵە هەموو دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا شانازی پێوە دەکەن، ئێستا خۆیان بوونەتە دژی ئەم پێوەر و بەهایانە و هەر خۆیان لە ریشەوە دەریان هێناوە**

کە ئەم دانپێدانانە هاتەئاراوە، ئەوا کۆی لایەنە بەشدارەکانی ناو سیستمەکە، فەرز دەبێت لە سەریان بە شێوازێکی نوێ بیربکەنەوە و بە شێواز و میکانیزمێکی نوێ هاوکاری و هەماهەنگی یەکتری بکەن، بۆ ئەوەی هاوسەنگی و سەقامگیریی سیستمە سیاسییەکە پێکەوە دروست بکەنەوە و هەوڵەکانیان بە هاوشێوەی کۆنسێرتێکی سیاسی بە هاودەنگی و هاوئاوازی یەکبخەن، بۆ ئەوەی سیستمە سیاسییەکە ئەو توانا و ئیرادەی بۆ دروست ببێتەوە، کە توانای ئەوەی هەبێت وەڵامی خواست و داواکاریی خەڵك بداتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین: ئایا سیستمی ئێستای جیهان کە پێی دەڵێن: «سیستمی نوێی جیهان، یان سیستمی لیبرِاڵیی نێودەوڵەتی»، دەتوانرێت جارێکی دیکە زیندوو بکرێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای بیرمەندانی سیاسەت ئەوەیە، جارێکی دیکە ئەو سیستمە جیهانییە زیندوو نابێتەوە کە تیایدا ئەمریکا وەك ژمارە (یەك) بانگەشە بۆ خۆی بکات و کۆی دەوڵەتانی جیهانیش ئەو بانگەشەیەی ئەمریکا قبووڵ بکەن.

لێرەدا ئەگەر پرسیارەکە لەسەر ئاستی سیستمی سیاسیی دەوڵەت بکەین، بەتایبەتی (سیستمی سیاسیی لیبرِاڵ دیموکراتی) و بپرسین: ئایا دەتوانرێت جارێکی دیکە سیستمی لیبرِاڵ دیموکراتی کە ببووە ژێرخانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا، زیندوو بکرێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەیان کێشە ناوخۆییەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا دەیداتەوە و ئەو کێشانە پێمان دەڵێن: ئەو پێوەر و بەهایانەی وەك (مافی پەنابەری، فرەکەلتووری، کەرامەتی مرۆڤ، ئازادیی رادەربرِین، سیستمی دامەزراوەیی، ئابووری و بەرگریی هاوبەش و.. هتد) کە ماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵە هەموو دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکا شانازی پێوە دەکەن، ئێستا خۆیان بوونەتە دژی ئەم پێوەر و بەهایانە و هەر خۆیان لە ریشەوە دەریان هێناوە، بۆیە بەپێی ئەم میتۆدە دەبێت راشکاوانە دان بەوەدا بنرێت کە هەر هەوڵێك بۆ زیندووکردنەوەی سیستمی (لیبرِاڵ دیموکراتی) بخرێتەگەڕ، ئەوا ئەو هەوڵانە بێهوودە دەبن و دەبێت سەرلەنوێ بە بیرکردنەوەیەکی نوێ بیر لە سیستمێکی تازەی حوکمرِانی بکرێتەوە. بەڵام تەحەددا و مەترسیی گەورە ئەو کاتە دروست دەبێت کە لەسەر دانپێدانان بە شکستی سیستمی سیاسی، یان سیستمی جیهانیدا، لایەنە سەرەکییەکان وەك کۆنسێرتێکی سیاسی هاودەنگ و هاوئاواز نەبن.

ئەم پرسە (دروستکردنی کۆنسێرتی سیاسی لە نێوان لایەنە بەشدارەکان)، بۆ ئێستای کوردستان لە رادەبەر گرنگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە هەر لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ٢٠١٣ و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای چوار ساڵی ئارامی، گفتوگۆکانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت دەست پێکرد، لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو چوار ساڵە ئارامەش، پارتی دەستبەرداری کۆمەڵێك مافی هەڵبژاردنی خۆی بوو، لەسەر ئاستی هەولێر و بەغداش، بەڵام نەتوانرا کۆنسێرتێکی سیاسیی کوردستانی نە لەسەر ئاستی پەرلەمانی عێراق، نە لەسەر ئاستی پەرلەمانی کوردستان دروست بکرێت، هەر بۆیە کاتێك ئەم کۆنسێرتە سیاسییە لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە تێکدرا، ئەوا پارتی لەلای خۆیەوە رێککەوتنە سیاسییەکەی بۆ پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ گۆڕان هەڵوەشاندەوە، بەڵام نەیتوانی هاودەنگی و هاوئاوازی بۆ کۆنسێرتە سیاسییەکەی کوردستان بگێڕێتەوە، بۆیە کارەساتی گەورەی وەك ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام دوای ئەم کارەساتە، راشکاوانە نێچیرڤان بارزانی بە برِیاردانی بۆ دیاریکردنی رۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨، کە ئەمەش دانپێدانانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بوو، بەوەی کە چیدیکە سیستمە کۆنەکەی حوکمرِانیی کوردستان زیندوو ناکرێتەوە و دەبێت سیستمێکی سیاسیی تازە دروست بکرێتەوە، لە پێناوی ئەمەشدا زۆر بوێرانە نێچیرڤان بارزانی بە رووی ئەو هەوڵانە وەستایەوە، کە دەیانویست هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتی خۆیدا دوابخرێت.

**هەر هەوڵێک بۆ زیندووکردنەوەی سیستمی (لیبرِاڵ دیموکراتی) بخرێتەگەڕ، ئەوا ئەو هەوڵانە بێهوودە دەبن و دەبێت سەرلەنوێ بە بیرکردنەوەیەکی نوێ بیر لە سیستمێکی تازەی حوکمرِانی بکرێتەوە. بەڵام تەحەددا و مەترسیی گەورە ئەو کاتە دروست دەبێت کە لەسەر دانپێدانان بە شکستی سیستمی سیاسی، یان سیستمی جیهانیدا، لایەنە سەرەکییەکان وەک کۆنسێرتێکی سیاسی هاودەنگ و هاوئاواز نەبن**

**نەتوانرا کۆنسێرتێکی سیاسیی کوردستانی نە لەسەر ئاستی پەرلەمانی عێراق، نە لەسەر ئاستی پەرلەمانی کوردستان دروست بکرێت، هەر بۆیە کاتێک ئەم کۆنسێرتە سیاسییە لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە تێکدرا، ئەوا پارتی لەلای خۆیەوە رێککەوتنە سیاسییەکەی بۆ پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ گۆڕان هەڵوەشاندەوە، بەڵام نەیتوانی هاودەنگی و هاوئاوازی بۆ کۆنسێرتە سیاسییەکەی کوردستان بگێڕێتەوە، بۆیە کارەساتی گەورەی وەک ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ی بەدوای خۆیدا هێنا**

**لەوانەیە باشترین سەرەتا کە رەهەندە دیارەکانی سیستمە سیاسییە تازەکەی هەرێمی کوردستانی پێ بخوێندرێتەوە، ئەو برِیارە بێت کە چەند ساڵێک پێش ئێستا بەرِێز مسعود بارزانی بۆ چاکسازیی کارگێڕی و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی رایگەیاند**



**نابێت لە کابینەی داهاتوو، لایەنە بەشدارەکان، بەیانیان لە حکومەت بەشدار بن و شەوانیش لەسەر تیڤییەکان ئۆپۆزسیۆن بن، ئەمەشیان مانای ئەوەیە، لایەنە سیاسییەکان ئازادن لەوەی کە بەرەی بەشداریکردن لە حکومەت هەڵدەبژێرن، یان بەرەی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام دەبێت ڕەچاوی بیرکردنەوەی تازە بۆ سیستمی سیاسی و حوکمڕانی بکەن**

## ● هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نۆیەم ڕەهەندە دیارەکانی سیستمە سیاسییە تازەکە

لەوانەیە باشترین سەرەتا کە ڕەهەندە دیارەکانی سیستمە سیاسییە تازەکەی هەرێمی کوردستانی پێ بخوێندرێتەوە، ئەو بڕیارە بێت کە چەند ساڵێك پێش ئێستا بەڕێز مسعود بارزانی بۆ چاکسازیی کارگێڕی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ڕایگەیاندو پاشانیش هەر ئەم بەرنامەی چاکسازییە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاری لەسەر کراو کرایە پڕۆژە یاسایەك و ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کرا، بەڵام بەداخەوە لە خولی ڕابردووی پەرلەمان نەتوانرا پەسەند بکرێت و بکرێتە یاسا و پێدەچێت وەك پەرلەمانتارانی خولی ئەمجارەش ئاماژەیان پێکردووە، تێپەڕاندنی یاسای چاکسازیی کارگێڕی کاری بنەڕەتی بێت. بە تێپەڕاندنی ئەم یاسایەش، سیستمێکی تازەی حوکمڕانی لە کوردستان دەست پێدەکات کە لە سیستمە کۆنەکەی حوکمڕانی ناچێت و، ڕاشکاوانەتر ئەم کابینە تازەیە لەسەر نەخشەڕێگەیەك دەڕوات کە پێشتر سەرۆك بارزانی و نێچیرڤان بارزانی بۆیان داڕشتووە.

خاڵێکی دیکە کە دەکرێت لەو خاڵەشەوە ڕەهەندێکی دیکەی کابینەی داهاتووی پێ بخوێنینەوە، ئەو پەیامە ڕاشکاوانەیەی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە بەردەوام جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە نابێت لە کابینەی داهاتوو، لایەنە بەشدارەکان، بەیانیان لە حکومەت بەشدار بن و شەوانیش لەسەر تیڤییەکان ئۆپۆزسیۆن بن، ئەمەشیان مانای ئەوەیە، لایەنە سیاسییەکان ئازادن لەوەی کە بەرەی بەشداریکردن لە حکومەت هەڵدەبژێرن، یان بەرەی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام دەبێت ڕەچاوی بیرکردنەوەی تازە بۆ سیستمی سیاسی و حوکمڕانی بکەن، کە ئەویش هاوکاری و هەماهەنگی و هاوسەنگییە لەنێوان لایەنە بەشدارەکان لەلایەك و، هەماهەنگی و هاوکاری و هاوسەنگییە لە نێوان لایەنە بەشدارەکانی حکومەت و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو پەرلەمان، لە هەردوو حاڵەتدا، هەرسێ چەمکی (هاوکاری و هەماهەنگی و هاوسەنگی) بە مانای یەکسانی نایەت لە پرۆسەکەدا،



بەڵکو ئەم سێ چەمکە بەو جۆرە (هاوکار و هەماهەنگ و هاوسەنگ) دەبن، ئەگەر لەسەر بنەمای ئەو نەخشە سیاسییە تازەیە بونیاد بنرێنەوە کە گەلی کوردستان بە دەنگەکانیان دیاریان کردووە.

لایەنێکی دیکە کە دەکرێت لەویشەوە رەهەندێکی دیکەی سیستمە سیاسییە تازەکەی پێ بخوێندرێتەوە، قبووڵکردنی ئەو بیرکردنەوە تازەیەیە بۆ سیستمی سیاسی کە پارتی دیموکراتی کوردستان کردوویەتی بە چوارچێوەیەك بۆ دانوستاندنەکانی حکومەتی داهاتوو، لەسەر ئەم لایەنەش و لە پەراوێزی ئەو چەند کۆبوونەوەیەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هەر یەکە لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان ئەنجامیداون و دوو بەیانی هاوبەشیش لەدوای کۆبوونەوەکان دەرچوو، هەست دەکرێت لەو زمانە هاوبەشەی پارتی و یەکێتی و لە زمانە هاوبەشەکەی پارتی و گۆڕان کە هەردوو بەیاننامەکەی پێ نووسراون، چوارچێوەیەکی باش بۆ تێگەیشتنی هاوبەش لەسەر بیرکردنەوە نوێکە بۆ بونیادنانی سیستمە تازەکە دروست بووە و هەست دەکرێت جۆرێك لە قەناعەت لای هەر سێ لایەنی (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) دروست بووە کە سەرخستنی پرۆسەی حوکمڕانی پێویستی بە کۆنسێرتێکی سیاسیی نێوان لایەنە بەشدارەکان هەیە، ئەم کۆنسێرتە جیا لەوەی حکومەتی بەهێز دروست دەکات، لە هەمانکاتدا هاوسەنگی و هاوکاری و هەماهەنگییش لە نێوان کۆی دەسەڵاتەکان (سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەت، پەرلەمان، دەسەڵاتی دادوەری) لە کوردستاندا دروست دەکات.

لە کۆی ئەم رەهەندانەوە ئەگەر هەڵوەستەیەك لە بیرکردنەوەی مسعود بارزانی بکەین کە دەیەوێت پرۆسەی حوکمڕانی هەموو پێکەوە لەو ئاستە بن کە وەڵامی خواست و پێداویستیی خەڵك بدەنەوە، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بارزانی بە باوکی دامەزرێنەری ئەم سیستمە سیاسییە لە قەڵەم دەرێت و پێداگریی ئەویش لەسەر کۆتاییهاتن بە سیستمە کۆنەکە و هەوڵدان بۆ دروستکردنی سیستمێکی تازەی سیاسی و حوکمڕانی بۆ کوردستان بە بەشداری

**هەست دەکرێت جۆرێک لە قەناعەت لای هەر سێ لایەنی (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) دروست بووە کە سەرخستنی پرۆسەی حوکمڕانی پێویستی بە کۆنسێرتێکی سیاسیی نێوان لایەنە بەشدارەکان هەیە، ئەم کۆنسێرتە جیا لەوەی حکومەتی بەهێز دروست دەکات، لە هەمانکاتدا هاوسەنگی و هاوکاری و هەماهەنگیش لە نێوان کۆی دەسەڵاتەکان (سەرۆکایەتیی هەرێم، حکومەت، پەرلەمان، دەسەڵاتی دادوەری) لە کوردستاندا دروست دەکات**

و هاوکاری و هەماهەنگی و هاوسەنگیی هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی دەیانەوێت بەشێك بن لەم سیستمە سیاسییە تازەیە، ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە بارزانی خۆی رەقیب و چاودێری یەکەم دەبێت بە سەر کۆی پرۆسەی حوکمڕانی لە کوردستاندا و رێگە نادات هاوسەنگی و هاوکاری و هەماهەنگیی نێوان دەسەڵاتەکان (سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان، حکومەت، دەسەڵاتی دادوەری) تێکبچێت، لە نێوان هەر چوار دەسەڵاتەکەدا بارزانی دەبێتە پشتیوانێکی گەورەی دەسەڵاتی دادوەری، بۆ ئەوەی سەروەریی یاسا لە کوردستاندا بوونی هەبێت و هیچ کەسێك لە یاسا باڵادەستتر نەبێت و یاسا لە سەرووی هەموانەوە بێت.

هەر بۆیە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا، رەقیبی و چاودێریی بارزانی بۆ سیستمی سیاسی و حوکمڕانیی کوردستان بخوێنینەوە، ئەوا راشکاوانە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بارزانی مەبەستێتی دەسەڵاتی دادوەری و سەروەریی یاسا بەهێزترین و کاریگەرترین دەسەڵات بێت لە کوردستاندا، هەروەها دەیەوێت دەسەڵاتی دادوەری و سەروەریی یاسا، بنبەرژینی پاراستنی کەرامەتی هاووڵاتیانی کوردستان، دیارە کە جەخت لەسەر کەرامەتی هاووڵاتیش دەکەینەوە، لە سەردەمی ئەرستۆ تاڵیسەوە هەتا ئێستاش، پێناسەیەکی گونجاو بۆ کەرامەتی مرۆڤ، یان هاووڵاتی، جیا لەوەی تەواوی مافەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، بەڵام لە سەرووی مافی مرۆڤیشەوە، مافی هاووڵاتیبوون و مافی هەستکردن بە ئاسوودەیی رۆحییش دەگرێتەوە، بارزانی جیا لەوەی وەك پێشمەرگەیەك بە درێژایی تەمەنی خۆی بەرگری لە کەرامەتی گەلی کوردستان کردووە، لەلایەکی دیکەشەوە وەك عارفێکی تەریقەتی شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەدی بارزان، زۆر بە قووڵی لە مانا رۆحییەکەی کەرامەت تێگەیشتووە، بۆیە لە دروستکردنی ئەم سیستمە سیاسی و حوکمڕانییە تازەیەی کوردستاندا، زۆر پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، هیچ کەس و لایەنێك ناتوانن ئاستەنگ بۆ ئەم پرۆسە تازەیە دروست بکەن.

لای بارزانی، داکۆکیکردن لە کەرامەتی هاووڵاتی، تەنیا هاووڵاتیانی کورد لە کوردستاندا ناگرێتەوە، بەڵکو هەر تاکێك کە لەم کوردستانە دەژی، ئەوجا سەر بە هەر ئایین و نەتەوەیەك بێت، دەبێت سیستمی سیاسی و حوکمڕانی لە کوردستاندا بەو جۆرە هەڵبسووڕێت کە کەرامەتی هاووڵاتیبوونی لە کوردستان بپارێزێت، ئەمەش بەو مانایەی، برایەکی کلدان، سریان، ئاشوور، تورکمان، ئەرمەن و...هتد، دەبێت بەو جۆرە رێز لە کەرامەتیان بگیرێت کە هەست بکەن رێز لە مافی نەتەوەییان گیراوە و ئەوانیش وەك نەتەوەی کورد خاوەنی ئەم کوردستانەن، هەروەها لەسەر ئاستی ئایینی کە گەلی کورد بەشی زۆری موسڵمانە، دەبێت برایەکی کریستیان، ئەرمەن، ئێزیدی و تەواوی ئایینەکانی دیکەش هەرکامیان وەك موسڵمانێك ئەم وڵاتە بە وڵاتی خۆی بزانێت و هەست بکات کە رێز لە مافە ئایینییەکانی گیراوە. ئەو پێشنیارانەی کە بەم دواییە لەلایەن پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینەکانەوە بۆ ریفۆرمی پرۆگرامی خوێندن لە کوردستان کراوە و لە میدیاکان ئاماژەی پێکراوە و داواکراوە کە لە پرۆگرامی خوێندنی کوردستاندا، ناوی کریستیان و تورکمان و ئێزیدی و ئەرمەن و.. هتد بەکار بهێندرێت، نەك تەنیا هەموویان ناوی کوردی بن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم پێشنیارانە پشت ئەستورن بەو تێگەیشتنەی کە بارزانی بۆ مانای پاراستنی کەرامەتی هاووڵاتی هەیەتی.

چڕکردنەوەی مانای سیستمی تازەی سیاسی و حوکمڕانی لە کوردستاندا بۆ پاراستنی کەرامەتی هاووڵاتی، مانای ئەوەیە بارزانی پێش ئەوەی هەوڵیدابێت پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستان ببێتە چوارچێوەیەك بۆ پاراستنی کەرامەتی هاووڵاتی لە کوردستاندا، بە دامەزراندنەوەی (بارەگای بارزانی)، ئەم دامەزراوە میللییە کە بارزانیی باوك دامەزرێنەریەتی، لە سەرتاسەری شۆڕشی ئەیلوولدا ئەرکی سەرەکیی پاراستنی کەرامەتی هاووڵاتی بووە بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە و بیروبۆچوونی سیاسییەوە، تەنانەت پاراستنی کەرامەتی مرۆڤیش بووە، بەو مرۆڤانەشی کە سەربازی داگیرکەران بوون و لە ئاکامی هێرشەکانیان بۆ داگیرکردنی کوردستان بە

**لای بارزانی، داکۆکیکردن لە کەرامەتی هاووڵاتی، تەنیا هاووڵاتیانی کورد لە کوردستاندا ناگرێتەوە، بەڵکو هەر تاکێک کە لەم کوردستانە دەژی، ئەوجا سەر بە هەر ئایین و نەتەوەیەک بێت، دەبێت سیستمی سیاسی و حوکمڕانی لە کوردستاندا بەو جۆرە هەڵبسووڕێت کە کەرامەتی هاووڵاتیبوونی لە کوردستان بپارێزێت**

**(بارەگای بارزانی)، ئەم دامەزراوە میللییە کە بارزانیی باوک دامەزرێنەریەتی، لە سەرتاسەری شۆڕشی ئەیلوولدا ئەرکی سەرەکیی پاراستنی کەرامەتی هاووڵاتی بووە بە جیاوازیی ئایین و نەتەوە و بیروبۆچوونی سیاسییەوە، تەنانەت پاراستنی مرۆڤیش بووە، بەو مرۆڤانەشی کە سەربازی داگیرکەران بوون و لە ئاکامی هێرشەکانیان بۆ داگیرکردنی کوردستان بە دیلی دەکەوتنە دەستی پێشمەرگە، بارزانیی باوک رێگەی نەدەدا سووکایەتی بەکەرامەتی ئەو دوژمن و داگیرکەرانەش بکرێت کە بەدیلی دەکەوتنە دەستی پێشمەرگە**



دیلی دەکەوتنە دەستی پێشمەرگە، بارزانیی باوك ڕێگەی نەدەدا سووکایەتی بەکەرامەتی ئەو دوژمن و داگیرکەرانەش بکرێت کە بەدیلی دەکەوتنە دەستی پێشمەرگە، بیرکردنەوەی بارزانیی باوکیش هەر لەو کانگا فیکرییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەدی بارزان تەریقەتیان لەسەر دارِشتبوو. لەسەر ئەم بنەمایە و پێویستیی دامەزراوەیەکی بەهێز بۆ پارێزگاریکردن لە کەرامەتی هاووڵاتی، مسعود بارزانی (بارەگای بارزانی) دامەزراندۆتەوە و ئەم دامەزراوەیەش کە ڕاستەوخۆ ویژدانی زیندووی بارزانی بەرجەستە دەکات و لە چوارچێوەی ویژدانەوە داکۆکی لە کەرامەتی هاووڵاتی دەکات، هیچ دەسەڵاتێك نییە لە سەرووی دەسەڵاتی ئەوەوە بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە لە ناو ویژداندا پرۆسەی خۆڕاستکردنەوەی ویژدانی زۆر لە پێش خۆڕاستکردنەوەی یاسایی دەست پێدەکات، بۆیە گرنگە ئەو ویژدانەی لەبارەگای بارزانی-یەوە هەڵدەقوڵێت، ببێتە بزوێنەری پرۆسەی حوکمڕانی لەکوردستاندا، وەك جۆن ڕاولزیش بیرمەندی گەورەی ئەمریکی کە نزیکەی ٥٠ ساڵ لەمەوپێش و پێش ئەوەی دیموکراتی بگاتە ئەو دۆخەی کە ئێستا تیایەتی، کتێبی (دادپەروەری وەك ویژدان)ی نووسی، لەم کتێبەدا ڕاولز جەخت لەوە دەکاتەوە کە (گرێبەستی کۆمەڵایەتی) فێڵی لێ دەکرێت، بەڵام ویژدان فێڵی لێ ناکرێت، بۆیە داوا لە دەوڵەتانی دیموکراتی دەکات، ئەگەر دەتانەوێت بەرگری لە دادپەروەری بکەن و سیستمی دیموکراتی لە مردن ڕزگار بکەن، ئەوا دەبێت ویژدان بکرێتە بنەمای دادپەروەری لە سیستمی دیموکراتیدا، نەك گرێبەستی کۆمەڵایەتی.

ئەوجا ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم باکگراوندە خوێندنەوەیەك بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە حکومەتی کابینەی نۆیەم حکومەتێکی بەهێز دەبێت لە ناو پرۆسەیەکی حوکمڕانی بەهێزدا کە سەرۆکێکی بەهێز و پەرلەمانێکی سەقامگیر لە ژێر چەتری سەروەریی یاسادا هاوکار و هەماهەنگی حکومەت دەبن.

**مسعود بارزانی (بارەگای بارزانی) دامەزراندۆتەوە و ئەم دامەزراوەیەش کە ڕاستەوخۆ ویژدانی زیندووی بارزانی بەرجەستە دەکات و لە چوارچێوەی ویژدانەوە داکۆکی لە کەرامەتی هاووڵاتی دەکات، هیچ دەسەڵاتێک نییە لە سەرووی دەسەڵاتی ئەوەوە بێت**

# کوردستانێکی بەهێز سەربەخۆیی لە هەگبەدایە

قۆناغەکانی خەباتی رزگاریخوازیی هەر میللەتێك و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەر نەتەوە و گەلێکی بێ سیادە، پەیوەستە بە برِینی هەنگاوەکانی ئەو پێناوە لە خاڵێکی بچووکەوە بۆ گەورەتر و لە ژمارەیەکی سەرەتاییەوە بۆ ژمارەییەکی دواتر. بە واتایەکی دی، سەرهەڵدان و بەرخۆدان لە پێناوگەیشتن بە ئامانجی هەرە گەورە و دوامەنزلی هیوا و ئاواتەکانی گەلێکی مافخوراو و بێدەسەلات و بندەست، بە زنجیرەیەك قۆناغی بەدوای یەك بەستندا دەروات، کە هەر کاتێك لەوەی پێشوو دەبێتە بناغە و پاڵنەر بۆ گەیشتن بەوەی دواتر.

گەل و نەتەوەی کورد کە چەندین ساڵە لە عێراقی بەزۆرلکێنراودا مێژوویەکی پرِ لە ماندووبوون و سەروەریی لە خەباتی رزگاریخوازی و تێکۆشانی گەیشتن بە مافەکانی چارەنووسی خۆی نەخشاندووە، بە یەك بە یەکی ئەو قوتابخانەدا هاتووە، تاگەیشتووەتە ئەوەی ئەمرۆ کە بەدەستیهێناوە.

یەکەمین شۆرِش و سەرهەڵدانی سەرتاسەری کە کوردی کردە خاوەنی بزافێکی سەربەخۆ و گشتگیری رزگاریخوازیی نەتەوەیی و نیشتمانی شۆرِشی ئەیلوولە، شۆرِشی ئەیلوول لە مێژووی هاوچەرخی گەلی کوردستاندا خاوەنی سەروەریی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەییە کە توانی هەموو هێز و توانا و هەوڵەکانی پێش خۆی و سەرجەم وزەو کارەکتەرە سیاسییە ئامادە و لێهاتووەکانی سەردەمی خۆی لە سەرهەڵدان و بەرەنگارییەکی سەرتاسەری نیشتمانیدا کۆبکاتەوەو بە نوێنەرایەتی هەموو گەل مافی کوردستان بخاتە سەر مێزی سیاسی و یاسایی لە عێراقدا.

دەستپێکی ئەو هەوڵە شۆرِشگێرِییە لە ناوەرِاستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا بوو، کە شۆرِش حکومەتی ناوەندی ناچارکرد، چارەسەری (لامەرکەزی) بۆ خەڵکی کوردستان قبووڵ و پێشنیاز بکات.

دوای تەنازولی دەسەڵاتی داگیرکار و دانانی بەو مافە سەرەتاییەدا، کورد لە رێگەی شۆرِشەکەیەوە بەرەو ئاسۆ و پلەیەکی دی لە هەڵکشان بەرەو لوتکەی ئاوات و داخوازییە رەواکانی هەنگاوی نا، تا سەرەنجام بە شێوەیەکی یاسایی بەغدای ناچارکرد بە قبووڵکردنی (ئۆتۆنۆمی) دان بە مافی سیاسیی کوردستاندا بنێ.

دوای جێگیرکردنی ئەو خاڵە لە نەخشەی سیاسیی هەرێم و خەڵکی کوردستاندا، گەلی



**د. عیرفان شەریف نەقشبەندی**
مامۆستای زانکۆ- سلێمانی
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

کوردستان بەرەو قۆناغێکی دواتر هەنگاوی هەڵگرت، تا لە ئەنجامی راپەڕین و گرتنەدەستی بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان دروشمی فیدراڵی بووە واقیع و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٣ و دوای رووخانی رژێمی سەدام ئەو دروشمە چەسپاو عێراق بووە دەوڵەتێکی ئیتیحادی و کوردستان بووە هەرێمێکی فیدراڵ، دوای ماوەیەکی کورت لەو مێژووە هەرێمی کوردستان بە کردەیی بووە هەرێمێکی کۆنفیدراڵی و ئابووری و، سیاسەتی دەرەوەو هێزی سەربازیی خۆی سەربەخۆ کردو تەنیا وەك رووکەش لەسەر کاغەز لەگەڵ عێراقدا مایەوە، کە ئێستاشی لەگەڵ بێ، هەمان سیفات و خاسیەتی سیاسی لەتەکدا ماوەتەوەو بەو ماهیەتەوە خۆی پاراستووە.

هەرێمی بەناو فیدراڵی و بە کردەوە کۆنفیدراڵیی کوردستان لە حاڵی حازردا تەنیا یەك قۆناغی ماوە بگات بە لوتکەی ئاوات و ئامانجە سیاسییەکانی کە راگەیاندنی سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی سیادەی نێودەوڵەتییە کە لەسەر نەخشەی جوگرافیای سیاسیی جیهان ببێتە خاوەنی سنوور و ئاڵا و کورسی لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەم قۆناغەی ئێستا تاگەیشتن بەدواقوناغی بزاڤی رزگاریخوازیی و پاشان بە لوتکە گەیشتنی ئەو چیرۆکە دراماتیکییە مێژوویی و نەتەوەییە قوناغێکی هەستیار و زورگرنگە کە ناکرێ کەمتر لە بەهێزی و پتەوییەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی تێدا بەرجەستە ببێ. بەهێزی پایەکانی حوکمڕانییەکی سەرکەوتووی دادپەروەرانە و بزاوتێکی کاریگەری ئابووری و ئاوەدانکارییە، هاوکات پاڵپشتی و پشتیوانیی جەماوەری و کۆکردنەوەی دەعمی سیاسیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەپای سیاسەتێکی داناییانەی سەرکردایەتیی کورد لە گرنگترین مقەوماتی ئەو بەهێزییەن .

گەلی کوردستان ئەگەر لە دەوری سەرکردایەتییەکەی یەك دەم و یەك خواست پشتیوانی لەو سیاسەتە بکاو سەرکردایەتیش بە رازیکردنی نەوعی خەڵك و گەلی کوردستان ئەو پشتیوانییە درێژەی پێ بدات، ئەوکات بەغداش زیاتر مل بۆ ئەو واقیعە کەچ دەکات و جیهانیش دێنێتە سەر ئەو خەتەی کە پێکەوە ئیمزا بۆ رۆژهەلاتێکی ناوەڕاستی نوێ بکەن، کە تیایدا کوردستان رەنگ و سنوورێکی جیاواز و تایبەتی دەبێت.



**دکتۆر بەشیر حەداد**

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا نەخشەڕێگایەکی نوێ دروست بووە

**دوا گۆڕانکارییەکانی ناو پەرلەمان و زیادکردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق و پرسی دەستێوەردانی حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە کاروباری حکومەتی عێراق و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری گفتوگۆیەکی گوڵان لەگەڵ دکتۆر بەشیر حەداد جێگری دووەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

*** پێشبینی دەکرا خولی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراق بەهێز بێت و جۆرێك لە سەقامگیریی پەرلەمانی تێدا بەدیبێت، بەڵام وەك لە کۆبوونەوەی جاری پێشوو بۆ دەنگدانی ٨ وەزیرەکە تێبینیمان کرد، پەرلەمان بە جۆرێك ناسەقامگیرە کە نەتوانرا کۆبوونەوەکە ئەنجام بدرێت، خوێندنەوەتان بۆ ژینگەی سیاسیی ناو پەرلەمان چییە و هۆکاری ئەو ناسەقامگیرییەی لە چیدا دەبینن؟**

- پەرلەمانیش بەشێکە لەو وڵاتەی ئێمەی تێدا دەژین، ژینگەی سیاسیی ناو پەرلەمانیش بەشێکە لەو ژینگە سیاسییەی دەرەوەی پەرلەمان. سەرجەم پەرلەمانتارەکان سەر بە کوتلە و فراکسیۆنە سیاسییەکانن و سەر بەلایەنی سیاسین و ئەجینداى ئەو لایەنە سیاسییانە لەناو پەرلەمان جێبەجێ دەکەن. هەر بۆیە زۆر ئاساییە گرژییەکانی دەرەوەی پەرلەمان بۆ ناو پەرلەمانیش بگوازرێتەوە. ئێمە لە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەو پەڕی لێپرساوێتییەوە مامەڵە دەکەین و ناهێڵین گرژی بگاتە رادەیەك کە رەوشی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و شکۆ و پایەی پەرلەمانی تێدا بشکێندرێت. ئەوەی لە دوو دانیشتنی رابردووشدا روویانداوە، کە دەکرا دەنگدان هەبێت و دانیشتنەکە تێپەڕێنین، هەر لەم پێناوەدا بوو، تاوەکو ناسەقامگیری و ئاژاوە دروست نەبێت، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دڵنیا بووین ئەگەر بە دەنگدان کۆبوونەوەکەمان یەکلا بکردایەتەوە، دەرئەنجامەکەی خراپ دەبوو، تەنانەت پێشبینی ئەوە دەکرا توندوتیژیی زیاتر لەناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمانیش روویان بدایە، ئەگەری پێکدادانی نێوان لایەنەکانیش لەئارادا بوو، هەربۆیە نەمانهێشت بارودۆخەکە بگاتە ئەو قۆناغە. بۆیە بەلای ئێمەوە شکاندنی نسابی یاسایی باشتر بوو لە ئەگەری کەوتنەوەی فیتنەیەك کە دەرئەنجامەکەی زۆر خراپتر بووایە لەوەی کە هەیە. تا ئێستا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان جۆرە دانبەخۆداگرتنێك هەیە و نەمانهێشتووە شکۆی پەرلەمان بشکێت، بەو ئومێدەی لە دەرەوەی پەرلەمان لایەنە سیاسییەکان لەنێوان خۆیاندا رێککەوتن بکەن لەپێناو شکاندنی ئەم چەقبەستووییە سیاسییە و بۆ ئەوەی تەواوکردنی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی بەسەلامەتی تێپەڕێت.

*** ئەگەر لەدەرەوەی پەرلەمان ژینگە سیاسییەکەی نێوان لایەنەکان خراپ بێت، ئایا چۆن ئەو رێککەوتنە لەنێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان ئەنجام دەدرێت؟**

- منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە ژینگەی سیاسی لە نێوان حزب و لایەنە سیاسییەکان لە دەرەوەی پەرلەمان زۆر خراپە، ناتەبایی لایەنەکان و سووربوونیان لەسەر هەڵوێستی خۆیان و نەگۆڕینی کاندیدەکان وایکردووە ئەم کێشەیە دروست بێت، هەر ئەمەشە هۆکاری تەواونەبوونی پێکهێنانی کابینە وەزارییەکەی دکتۆر عادل عەبدولمەهدی، هەموو لایەنێکی سیاسی دەیەوێت راوبۆچوونی خۆی بسەپێنێت بەسەر لایەنەکانی دیکەدا، لەم دۆخەدا حکومەتیش تا ئێستا دانی بە خۆیدا گرتووە و نایەوێت عێراق و حکومەتەکە بەرەو هەڵدێر بچێت و شکست بهێنێت و هەڵبوەشێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لە رۆژانی داهاتوودا ئومێد زۆرە کرانەوە رووبدات.

*** باس لەوە دەکرێت دوای سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بەغدا، نەخشەڕێگەیەك دروست بووە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، ئایا ئەو لیژنانەی کە پێکدەهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەناو پەرلەمانی عێراقدا تا چەند بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە ئامادەباشیان تێدایە؟**

- ئێستاکە نەخشەڕێگایەکی تازە دروست بووە بۆ پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و تەنانەت بۆ پەیوەندییەکانی نێوان لایەنە عێراقییەکانیش، ئێمە چەند پێویستیمان بە بەغدا هەیە بۆ چارەسەری کێشەکانی هەرێم، بەغداش دوو هێندە پێویستی بە کورد و هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان لایەنە عێراقییەکان. کەواتە نەخشەیەك هەیە هەر بەپێی ئەم نەخشەیەش کاردەکرێت. بەڵام پەرلەمان بەشێك نابێت لەم نەخشەیە. چونکە ئەرك و کاری پەرلەمان یاسادانان و چاودێری و بەدواداچوونە، ئەوە کاری حکومەتە کە لەگەڵ حکومەتی هەرێم دانیشتن و گفتوگۆ و رێککەوتن ئەنجام دەدات، یان لایەنە سیاسییەکانە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان یاخود یەکێتی و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکانی

**زۆر گرنگە حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان زوو پێکبهێندرێت و زۆربەی لایەنەکان تێیدا بەشدار بن بۆ ئەوەی بەهێزەوە بتوانن مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکەن و رێککەوتنی یاسایی و سیاسی و ئیداری لەگەڵ حکومەتی بەغدا ئەنجام بدرێت**

**سەرۆکایەتی پەرلەمان جۆرە دانبەخۆداگرتنێک هەیە بەو ئومێدەی لایەنە سیاسییەکان لەنێوان خۆیاندا رێککەوتن بکەن لە پێناو شکاندنی ئەم چەقبەستووییە سیاسیە و بۆ ئەوەی تەواوکردنی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی بەسەلامەتی تێپەڕێت**

**هەموو لایەنێکی سیاسی دەیەوێت راوبۆچوونی خۆی بسەپێنێت بەسەر لایەنەکانی دیکەدا، لەم دۆخەشدا حکومەتیش تا ئێستا دانی بە خۆیدا گرتووە و نایەوێت عێراق و حکومەتەکە بەرەو هەڵدێر بچێت و شکست بهێنێت و هەڵبوەشێتەوە**

**ئێمە چەند پێویستیمان بە بەغدا هەیە بۆ چارەسەری کێشەکانی هەرێم، بەغداش دوو هێندە پێویستی بە کورد و هەرێمی کوردستانە بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان لایەنە عێراقییەکان**

دیکە گفتوگۆی سیاسی دەکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پەرلەمان داوا دەکات و بگرە پێی خۆشە پەیوەندیی لایەنە سیاسییەکان بەتایبەتی لەنێوان هەولێر و بەغدا پەیوەندییەکی دروست و بەهێز بێت و لەسەر بنەمای گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن و وەرگرتنی مافەکانی خۆی لە چوارچێوەی دەستووری عێراق بونیات نرابێت. وەکو پەرلەمانیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە پێویستە حکومەتی عێراق بەپێی دەستوور مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بکات، لەسەرجەم بوارەکانی بودجەو نەوت و غاز و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و سەرجەم بوارەکانی دیکە.

*** سەبارەت بە پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق باس لەوە دەکرێت ڕێژەکە بەرز کراوەتەوە بۆ ١٤٪، ئایا ئەم ڕێژەیە بە چ پێوەرێك دانراوە؟ ئایا بودجە و مووچەی پێشمەرگە کە پێویستە لەسەر بودجەی سیادی بێت، ئەمە بۆ پێشمەرگە کراوە؟**

- کاتێك حکومەتی عێراق ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٩ی ناردە پەرلەمان، پشکی هەرێمی کوردستان لەو بودجەیەدا ١٢,٦٪ بوو ئەمە وێڕای چەندین تێبینی و سەرنجی دیکەی پەرلەمانی کە خۆی لە ٥٠ خاڵ دەبینییەوە لەمەش ٩ خاڵی ڕاستەوخۆ تایبەت بوو بە هەرێمی کوردستان، ئەوە بوو لێژنەیەکی هاوبەش پێکهێنرا لە نێوان پەرلەمان و حکومەتی عێراق بۆ پێداچوونەوە بە یاسای بودجەی گشتی و چارەسەرکردنی ئەو ٥٠ خاڵ و تێبینییەی کە لەسەر بودجەکە هەبوو، ئێستاکە بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە لەنێوان لایەنە کوردستانیەکان و وەزارەتی دارایی عێراقدا ئەنجامدراوە، بڕیارە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق بکرێتە لە ١٤٪، بەڵام تا ئێستا ئەم زیادکردنەی پشکی کورد لە بودجەی گشتیی عێراقدا ڕێککەوتنێکە و نەبۆتە بڕیارێکی فەرمی، بۆ ئەوەی ببێتە بڕیارێکی فەرمی پێویستە لە یاسای بودجەدا دابنرێت و پەرلەمان دەنگی لەسەر بدات. ئەگەر ئەم لە ١٤٪ـەی پشکی هەرێمی کوردستان جێگیر کرا، پێویستە لەشوێنی دیکەشەوە هەوڵبدرێت پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا زیاد بکرێت، بۆ نموونە لە خەرجییەکانی سەروەری و حاکیمە کە بڕە پارەیەکی زۆر لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕدرێت بۆ ئەم خەرجییانە و بەشی هەرێمی کوردستانیشی لێ نادرێت، ئەگەر بتوانین بەشی هەرێمی کوردستان لە خەرجییەکانی سەروەری و حاکیمە بەدەست بهێنین، بەتایبەتی لە خۆراك و دەرمان و پێداویستیی پزیشکی و سەربازی و هەموو یارمەتییەکانی دیکە ئەوا ئێمە دەتوانین ڕێژەکەی لە ١٤٪یش زیاتر بکەین، یان بتوانین سوود لەو قەرزە سەروەرییە نێودەوڵەتییانە وەربگرین کە حکومەتی عێراق لە وڵاتانی بیانی و بانکی نێودەوڵەتی وەری دەگرێت، یاخود هەرچی بودجە و مووچە و ئیمتیازاتی پێشمەرگە هەیە، بخرێتە سەر حکومەتی مەرکەزی، ئەو کات ئەو ڕێژەیە زیاد دەبێت کە بۆ هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی عێراق تەرخانکراوە. هەر سەبارەت بە بودجە و مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە هەوڵ و کارێکی زۆر هەیە تەنانەت لەو ٩ خاڵ و تێبینییەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پێشکەشی وەزارەتی دارایی عێراقمان کردووە، مەسەلەی هێزەکانی پێشمەرگە و بودجە و مووچە و ئیمتیازاتەکانی تێدایە، دڵنیاشم خاڵێکی گرنگی گفتوگۆکانی جەنابی سەرۆك بارزانی کە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراقیدا باسی کردووە، مەسەلەی پێشمەرگە و ماددەی ١٤٠ و زۆر لەو بابەت و پرسانە بووە کە پەیوەندییان بە چارەنووسی هەرێم و خەڵکی کوردستانەوە هەیە.

**ب پێی ئەو ڕێککەوتنەی کە لەنێوان لایەنە کوردستانیەکان و وەزارەتی دارایی عێراقدا ئەنجامدراوە، بڕیارە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق بکرێتە لە ١٤٪، بەڵام تا ئێستا ئەم زیادکردنەی پشکی کورد لە بودجەی گشتیی عێراقدا ڕێککەوتنێکە و نەبۆتە بڕیارێکی فەرمی**

*** هەر سەبارەت بە ماف و ئیمتیازاتی کوردستان لە بودجەدا ئایا ئەو لافاو و ڕووداوانەی ئەمساڵ لەهەرێمی کوردستان ڕوویاندا، مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووەکانی ناکەوێتە سەر بڕگەیەکی بودجەی سەروەری؟**

- بودجەی فریاکەوتن لەناو هەموو بودجەیەکی عێراقدا بوونی هەیە، لە بودجەی ٢٠١٩ی عێراقیشدا بڕە پارەیەك بۆ بودجەی کارەساتە لەناکاوەکان دانراوە، کارەساتەکانی وەکو لافاو و زەمین لەرزە و ...هتد. ئێمە یەکەم جار داوامان کرد لە سنووری پارێزگای هەولێر لە قەزاکانی سۆران و چۆمان و ڕواندز و ئەو گوندانەی بەهۆی لافاوەوە زیانیان بەرکەوتووە، خەڵکەکەی قەرەبوو بکرێنەوە، لەگەڵ ژمارەیەك لە پەرلەمانتاریش سەردانی ئەو شوێنانەمان کردو

**خەرجییەکانی سەروەری و حاکیمە کە بڕە پارەیەکی زۆر لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕدرێت بۆ ئەم خەرجییانە و بەشی هەرێمی کوردستانیشی لێ نادرێت**



راپۆرتێکی تێروتەسەلمان دایە حکومەتی عێراق و لە ١٠/١١/ ٢٠١٨ بە نووسراوی فەرمی داوامان لەوەزارەتی دارایی عێراق کرد بۆ ئەوەی لە بودجەی فریاکەوتن قەرەبوونی هاووڵاتیانی زیانلێکەوتوو بکرێتەوە. لە لافاوەکەی ناوەڕاست و باشووری عێراقیش بەهەمان شێوە پەرلەمان بڕیارێکی دەرکرد، بەوەی پێویستە حکومەتی عێراق بە زووترین کات قەرەبووی ئەو شارانە بکاتەوە کە زیانیان لە لافاوەکان بەرکەوتووە، لەم بڕیارەشەدا دەکرێت هەرێمی کوردستان سوودمەند بێت، بەڵام تا ئێستا وەزارەتی دارایی دەستی بەجێبەجێکردنی نووسراوەکەی ئێمە و بڕیارەکەی پەرلەمانیش نەکردووە.

*** لەسەرەتای قسەکانت باسی ئەوەت کرد کە چارەسەری کێشەکانی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق لە ڕێگەی دانوستاندن و گفتوگۆکانی نێوان هەر دوو حکومەت دەبێت، پرسیار ئەوەیە پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاچەند گرنگە بۆ دەستپێکردنی ئەو دانوستاندنانە؟**

- ئەگەر دانوستاندنەکانی نێوان هەرێم و عێراق دەست پێ بکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەم حکومەتەی ئێستای هەرێمی کوردستانیش حکومەتی کاربەڕێکەرە، هەر بۆیە زۆر گرنگە حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان زوو پێکبهێندرێت و زۆربەی لایەنەکان تێیدا بەشدار بن بۆ ئەوەی بەهێزەوە بتوانن مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکەن و ڕێککەوتنی یاسایی و سیاسی و ئیداری لەگەڵ حکومەتی بەغدا ئەنجام بدرێت.

*** دوا پەیامتان چییە؟**

- ئێمە ئومێدەوارین ئەم بارودۆخە وا نەمێنێت و لایەنە سیاسییەکان بوارێك بدەن بە بەڕێز عادل عەبدولمەهدی تاوەکو بەرنامەکەی جێبەجێ بکات و هاوکات پابەندی ئەو بەڵێنە بن کە حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە سەرۆك وەزیرانیان دابوو بەوەی دەستێوەردان ناکەن لەناو کاروباری حکومەتدا و خۆی وەزیرو کابینەکەی دەستنیشان بکات و کەسانی تەکنۆکرات بێنێتە پێشەوە. حزب و لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە سەرەتادا ئازادییەکی باشیان بە عادل عەبدولمەهدی دا و ئومێدەوارم لەسەر ئەو ڕێچکەیە بڕۆن و حکومەتەکە بەشێوەیەك پێکبهێنێت، بتوانێت بەرنامەکەی خۆی جێبەجێ بکات. چونکە ئەمڕۆ خەڵك پێویستی بەخزمەتگوزاری هەیە، لە ڕاستیدا بارودۆخەکە لە شارەکانی عێراقدا زۆر خراپە و خزمەتگوزاری نییە و ئاوی خواردنەوە و چاودێری تەندروستی کەمە و ڕێژەی بێکاری زۆر زیاد بووە و خەڵکی چیتر ناتوانن دان بە خۆیاندا بگرن.

**خاڵێکی گرنگی گفتوگۆکانی جەنابی سەرۆک بارزانی کە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراقیدا باسی کردووە، مەسەلەی پێشمەرگە و ماددەی ١٤٠ و زۆر لەو بابەت و پرسانە بووە کە پەیوەندییان بە چارەنووسی هەرێم و خەڵکی کوردستانەوە هەیە**

**داوامان کرد لە سنووری پارێزگای هەولێر لە قەزاکانی سۆران و چۆمان و ڕواندز و ئەو گوندانەی بەهۆی لافاوەوە زیانیان بەرکەوتووە، خەڵکەکەی قەرەبوو بکرێنەوە**

# کابینەکەی سەرۆک وەزیران و دەرفەتێکی دیکە بۆ ئەزموونی شیعە

**پارتی دیموکراتی کوردستان پشتئەستور بە هەڵوێستە نەگۆڕ و نەتەوەییەکانی و پاڵپشت بە دەنگی دەنگدەرەکانی توانی ببێتە هێزی یەکەم**

ساڵی (٢٠١٨) عێراق دوو پرۆسەی هەڵبژاردنی بەخۆیەوە بینی، یەکێکیان هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق و ئەوەی دیکەیان هی پەرلەمانی کوردستان، کە هەر یەکەیان لە کەشوهەوایەکی سیاسی ئەنجام دران، کە بارگاوی بوون بە هەلومەرج و هاوکێشەی سیاسیی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی جۆراوجۆر.

ئەم هەلومەرجە بۆ زۆر حزبی کوردی هۆکاری سەرکەوتن و بۆ هەندێکیشی هۆکاری شکست و چوونەڤە پاش بوو، بەتایبەت بۆ ئەوانەی بوێرانە و نەتەوەییانە رووبەڕووی چەك و هێز وداگیرکاری بوونەوە، بووە هۆی بەرزبوونی کێرڤی دەنگ و هێنانی کورسیی زیاتر، بۆ ئەوانەشی کە هۆکار و هاوکاری هێرشکردن و هێنانی دەبابەو هێزی حەشدی شەعبی و هێزی ئیقلیمی بوون بۆ سەر خاکی کوردستان و هۆکاری رادەستکردنی کەرکوك بوون بەرامبەر بە چەند فلسێك، یان بۆ ئەوانەی رێگای بەغدایان دەکوتایەوە، بۆ خراپکردنی سومعەی هەرێم و لەناوبردنی کیانی هەرێم لە پێناو پۆستی سەرۆك کۆماری، بووە هۆی پاشڤەچوون و کەمکردنی دەنگ و کورسی.

هاووڵاتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر شکاندنی ئەفسانەی داعش لەسەر دەستی پێشمەرگە خۆڕاگرەکان و لە بەرامبەر سەرکەوتوویی پرۆسەی پیرۆزی گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستان لە (٢٥)ی ئەیلوولی (٢٠١٧) بە پێداگریی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و لە هەمبەر ئەو لووتشکاندنەی حەشدی شەعبی و سوپای حەیدر عەبادی لە داستانەکانی پردێ و سحێلا و مەحمودیە لەسەردەستی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان دەنگی بەو هێزە دا کە سەروماڵ و گیان و کیانی هەرێمی کوردستانی لە لەنێوچوون پاراست. هەر بۆیەش پارتی دیموکراتی کوردستان وەك هێزێکی نەتەوەیی و بەرگریکاری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان بە هۆی ئەو هەڵویستە نەگۆڕ و بوێرانەی لە پێناو پاراستنی کیانی هەرێمی کوردستان نواندی و بە هۆی ئەو مسداقییەتەی کە مێژووی پارتی بۆ خەڵکی دەستەبەر کردووە، توانی لە هەردوو هەڵبژاردن ببێتە حزبی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق و هەرێم کە ئەمە رەنگە بۆ زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی کە بە چەك هێرشی سەر کوردستانیان کرد و، ئەوانەشی کە یارمەتیدەری ئەو هێرشکردنە بوون و بگرە بۆ ئەوانەشی کە رێگای بەغدایان دەکوتایەوە بۆ



**نەدا مێرگەسۆری**

پەرلەمانتاری خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەوەی خۆیان لە پێش چاوی زۆربەی هەرە زۆری لایەنە سیاسییە عێراقییەکان شیرین بکەن و دەیانەویست کیانی هەرێمی کوردستان بخەنە مەترسییەوە، چاوەڕواننەکراو بوو، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان پشتئەستور بە هەڵۆیستە نەگۆڕ و نەتەوەییەکانی و پاڵپشت بە دەنگی دەنگدەرەکانی توانی ببێتە هێزی یەکەم.

ئەزموونی رابردووی سیاسەتی نادروستی هەندێك لایەنی عێراقی و کوردستانی چ لە بەغدا و چ لە کوردستان ئەو دڵنیاییەی بە پارتی دا کە دووربینی و روئیای ئەمجارەی پارتی دەبێت جیاواز بێت لەساڵەکانی رابردوو، دەبێت ئەزموونی رابردوو کە برابەشێنەی فیفتی بە فیفتی و هەندێك جاریش زیاتر لە ئیستیحقاقی خۆیان، نەبێتە عورفی سیاسی بۆ حوکمکردن، چ لە عێراق چ لە کوردستان و نابێت چیتر لایەنی دی بە هۆی دەنگی دەنگدەری پارتی و بە بێ ئیستیحقاقی خۆی ببێتە خاوەن پۆستی باڵا چ لە بەغدا و چ لە کوردستان، هەروەك چۆن لە چوار ساڵی رابردوو بینیمان کە ئەو لایەنانەی زیاتر لە پشکی خۆیان لەسەر حیسابی پارتی برد، چۆن بوونە هۆکاری نائارامی و تێکدەری تەوافوقات و بوونە داردەستی نەیاران بۆ سڕینەوەی کیانی هەرێمی کوردستان و رادەستکردنی کەرکووك و هێنانی حەشدی شەعبی و سوپای ئیقلیمی و شەهیدکردنی پێشمەرگەو ئاوارەکردنی خەڵك و بڕینی بەشە بوجەی هەرێم و کەمکردنی رێژەی (١٧٪)ی بوجەی هەرێم لە بوجەی عێراق.

سەرکەوتووبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم دوو هەڵبژاردنە، چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و چ لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی جارێکی دیکە ئەوەی پێشان دا، ئەم پارتە، کە زادەی خەبات و بەرخودان و پرنسیپی نەگۆڕی نەتەوەیی و سەرکێشی گشتپرسیی سەربەخۆیی کوردستانە، یاریکەرێکی سەرەکییە لە هاوکێشە سیاسییەکان، چ لەسەر ئاستی نێوخۆیی، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی. ئەمەش لە دواسەردانی بەڕێز سەرۆك بارزانی دەرکەوت کە چۆن وەك سەرکردەیەکی بەهێز و بەسەنگ لە بەغدا پێشوازی لێکرا.

خۆشبەختانە دوای چوار ساڵی سەخت و تەژی لە تەنگژەی سیاسی لە بەغدا، کە رووبەڕووی کورد و بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەران بوویەوە لە خولی سێیەم، ئەم جارەو دوای هەڵبژاردنی (١٢)ی مایسی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی

**ئەزموونی رابردووی سیاسەتی نادروستی هەندێک لایەنی عێراقی و کوردستانی چ لە بەغدا و چ لە کوردستان ئەو دڵنیاییەی بە پارتی دا کە دووربینی و روئیای ئەمجارەی پارتی دەبێت جیاواز بێت**

نوێنەرانی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان بە بەدەستهێنانی ژمارەیەکی بەرچاوی کورسیی پەرلەمانی توانی تا رادەیەك ئیستیحقاقی راستەقینەی خۆی لە پەرلەمان بچەسپێنێت و پۆستەکانی خۆی نەبەخشییە لایەنەکانی دیکە، کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەو پێگەیەی پارتی دیموکراتی کوردستان و کورد لە چوار ساڵی رابردوو بە شێوەیەك لە شێوەکان لاواز بوبوو، بە هۆی دانی پۆستی جێگری دووەمی پەرلەمان بە جەماعەتی گۆڕان، جارێکی دی بەدەستی بخاتەوە بۆ ئەوەی کوردانە و لە پێناو هەرێمی کوردستان و بۆ گەلی کوردستان سوود لەم پۆستە ببینێت، نەك، وەك بزووتنەوەی گۆڕان بیخاتە خزمەت حزبەکەی خۆی.

جگە لەوەی کە لەسەروبەندی پێکهێنانی حکومەتی عێراقیش، پارتی و بە پێی ئیستیحقاقی ئینتیخابی دوو وەزارەتی گرنك و پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانیشی بە دەست خستەوە، سەرەڕای ئەو دژایەتییەی کە هەندێك لایەن کردیان بۆ بەدەستنەخستنی ئەو پۆستانە بۆ پارتی.

ئەم جارە پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەنگ و پێگەیەکی بەهێزتر لە بەغدایەو ئەمەش جگە لەوەی گەرەنتییە بۆ بەهێزیی هەرێمی کوردستان، زەمانێکی بەهێزیشە بۆ حکومەتەکەی سەرۆك وەزیرانی نوێ، هەروەك چۆن سەرۆك بارزانی لەکاتی راسپاردنی بەڕێز(عەبدولمەهدی) پشتگیری و پاڵپشتیی خۆی بۆ ئەو و حکومەتەکەی دەربڕی. ئەم هەڵوێستەی جەنابی سەرۆك لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پێشوازی گەرمی لێکرا، چونکە هەموو لایەك دەزانن کە ئەم پاڵپشتییەی سەرۆك بارزانی هێزی مانەوە دەبەخشێتە داهاتووی حکومەتەکەی سەرۆك وەزیران، کە ئەم مانەوەیەش هێندەی بۆ ئەزموونی شیعە گرنگە، هێندە بۆ مانەوەی کەسێك، یان حزبێك گرنك نییە، چونکە (عادل عەبدولمەهدی) دوادەرفەتی ئەزموونی شیعییە.

کەسایەتییەکی نوێ و حکومەتێکی نوێ و ئەزموونێکی نوێ، ئێستا لە بەغدا بوونی هەیە، کەسایەتیی بەڕێز (عادل عەبدولمەهدی) و نەرمییەکەی و شارەزایی و خاوەن بڕیاربوون و ئاشنابوونی ئەو بە مێژووی کورد و سەنگ و پێگەی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەو سەرۆك وەزیرە نایەوێت هەڵەکانی حکومەت و سەرۆك وەزیرانەکانی پێش خۆی دووبارە بکاتەوە، سەرەڕای ئەو فشارە زۆرەی هەم لە نێوماڵی شیعی و هەم ئیقلیمی لەسەریەتی، چونکە لەو ماوەیەی رابردوو تا رادەیەك نییەتپاکیی ئەومان بۆ دەرکەوتووە کە دەیەوێت کێشەکانی نێوان بەغدا و هەرێم چارەسەر بکات، هەر بەو ئاراستەیەش بڕیاری بوێریشی داوە کە هەندێکی هەڵوەشانەوەی بڕیارە نادەستووری و نایاساییەکانی سەرۆك وەزیرانی پێشوو (حەیدر عەبادی) بووە. سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا ماون ئەو پرسە هەڵواسراوانەی کە پێویستە بە گوێرەی دەستوور چارەسەر بکرێن و جێبەجێکردنیان دەبێتە هۆی باشتر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی بەغداو هەولێر و بەهێزترکردنی هەردوولا و سەقامگیرترکردنی عێراق بەگشتی.

مخابن ئەزموونی تاڵی رابردوو و عەقڵییەتی بەڕێوەبردنی بەغدا، وای پێگوتین کە ناکرێت تاسەر دڵمان خۆش بکەین و هەمیشە دەبێت، خۆمان بۆ پێشهاتی لەناکاو ئامادە بکەین، هیواداریین ئەمجارە جارێکی تر بەو ئەزمونە تاڵانە تێپەڕنەبینەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامان و هەڵوێستە لەسەرکردنە، تەواونەکردنی کابینەی بەڕێز (عادل عەبدولمەهدی)یە بە هۆی ئەو ململانێیەی لە نێو ماڵی شیعە هەیە، بۆ دەستنیشانکردنی بەربژێرەکانی ئەو پۆستە وەزارییانەی کە ماون. بەتایبەت بۆ هەر دوو پۆستی وەزارەتی ناوخۆ و بەرگری و تەواونەکردنی نیسابی یاسایی لە نێو پەرلەمان و دەنگنەدان بە تەکمیلەکردنی کابینەکە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا زەنگێکی مەترسیدارە بۆ داهاتووی حکومەتی بەڕێز عەبدولمەهدی.

هەرچەند کە خودی سەرۆك وەزیران پێشتریش هێندە تامەزرۆی وەرگرتنی ئەو پۆستە نەبووە و هەر لە سەرەتاوە رەتی کردەوە کە ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ و ئێستاش ئەگەر لە پێناو عێراق نەبێت، ترسی لەوە نییە کە کابینەکەی تەکمیلە نەکرێت، یان بە پێی دەستوور فەشەل بە حکومەتەکەی بهێندرێت، بەڵام بۆ ئێستای عێراق کەسێکی وەك ئەو، پێویستییەکە، بۆ ئەوەی فاکتەری چارەسەرکردنی کێشەکان

**دەبێت ئەزموونی رابردوو کە برابەشێنەی فیفتی بە فیفتی و هەندێك جاریش زیاتر لە ئیستیحقاقی خۆیان، نەبێتە عورفی سیاسی بۆ حوکمکردن**

**لە چوار ساڵی رابردوو بینیمان ئەو لایەنانەی زیاتر لە پشکی خۆیان لەسەر حیسابی پارتی برد، چۆن بوونە هۆکاری نائارامی و تێکدەری تەوافوقات و بوونە داردەستی نەیاران بۆ سڕینەوەی کیانی هەرێمی کوردستان**

**کەسایەتیی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی و نەرمییەکەی و شارەزایی و خاوەن بڕیاربوون و ئاشنابوونی ئەو بە مێژووی کورد و سەنگ و پێگەی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئەو نایەوێت هەڵەکانی حکومەت و سەرۆك وەزیرانەکانی پێش خۆی دووبارە بکاتەوە**



و سەقامگیرکردنی عێراق و دوورخستنەوەی هەژموونی ئیقلیمی بێت لە عێراق، هەروەك چۆن ئەمریکاش هەر ئەوەی مەبەستە. بۆیە سەرۆك وەزیران ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر لە ژێرفشاردایە بۆ یەکلاکردنەوەی داهاتووی عێراق، بۆ ئەوەی جارێکی دی متمانە بۆ حوکمی شیعە بگێڕێتەوە، کە لەو ماوەیەی رابردوو نەیتوانی ئەدای دروستی حوکمڕانی بگێڕێت.

هەروەك دەزانرێت چەند هەفتەیەك بەسەر ئەو دانیشتە تێپەڕدەبێت کە پێویست بوو بۆ تەواوکردنی کابینەی حکومەت، سەڕەرای ناردنی ناوەکان بۆ پەرلەمان، بەڵام هێشتا لایەنەکان نەگەیشتوونەتە سازش بۆ دیارکردنی بەربژێرەکان، کە ئەمەش پێویستییەکە، بۆ ئەوەی حکومەتی بەڕێز (عادل عەبدولمەهدی) بکەوێتە سەر سکەی خۆی، دەبێت کابینەکەی تەکمیلە بکرێت. بۆ ئەوەشی کە دەوڵەتی عێراق بە هەر سێ دەسەڵاتەکەیەوە دەربچێت لەو گێژاوەو ناسەقامگیرییەی کە هەیە، پێویستی بە بڕیاری نێوخۆیی و بوێر هەیە بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان، چ ئەوانەی کە تایبەتن بە باشوور و ناوەڕاست، چ ئەوانەی تایبەتن بە بەغدا و هەرێم، ئەمە جگە لەوەی کە داهاتووی حوکمی شیعە بە هۆی ئەزموونی لەرزۆك و ناتەندروستی رابردوویان و حوکمڕانیی هەڵەیان لەهەمبەر لەناوچوونە، بۆیە تەنیا کارتێك کە بە دەستیانەوە مابێت، پشتگیریکردنی حکومەتەکەی سەرۆك وەزیرانی نوێیە، چونکە عەقڵییەتی بەڕێوەبردنی بەغدا لەو ماوەیەی رابردوو و گوێنەدان بە توافوق و شەراکەت و تەوازن و حوکمی زۆرینەی شیعی فاکتەری سەرەکی بوون کە هەموو پێکهاتەکان رووبەڕووی ئەزموونی تاڵ ببنەوە، هەر بۆیش هەموو لایەك دەبێت میزاجی کەسی بۆ بەڕێوەبردن و داهاتووی عێراق بەلاوە بنێن و بە پێی دەستوور چارەسەری کێشەکان بکەن، چونکە جێبەجێکردنی دەستوور واتە کۆتاییهێنان بە زۆربەی هەرە زۆری ئەو پرسانەی کە لە تەواوی عێراق هەن.

**داهاتووی حوکمی شیعە بە هۆی ئەزموونی لەرزۆک و ناتەندروستی رابردوویان و حوکمڕانیی هەڵەیان لەهەمبەر لەناوچوونە، بۆیە تەنیا کارتێک کە بە دەستیانەوە مابێت، پشتگیریکردنی حکومەتەکەی سەرۆک وەزیرانی نوێیە**

# تەنگژەی دیموکراسی کێشەکانی ئێستای جیهان ڕاڤەی شکستی دیموکراتی دەکەن

بەشی دووەم


لە ئێستادا خۆگونجاندن لەگەڵ سەروەختە دژوارەکاندا زیاتر و زیاتر زەحمەت دەبێت، ئەویش بەهۆی گاڵتەجاڕیی هەڵکشاو لە ئاست سیاسەتدا. ئەوەتا لەسەر ئاستی جیهانی ئەندامێتی لە حزبەکاندا دادەکشێت. ئێستا لە ١٪ی بەریتانییەکان ئەندامن لە حزبە سیاسییەکاندا، بە بەراورد بە ڕێژەی لە ٢٠٪ لە ساڵی ١٩٥٠دا. هەروەها ڕێژەی دەنگدانیش کەم بۆتەوە.

**ئێستا لە ١٪ی بەریتانییەکان ئەندامن لە حزبە سیاسییەکاندا، بەراورد بە ڕێژەی لە ٢٠٪ لە ساڵی ١٩٥٠دا، ڕێژەی دەنگدانیش کەم بۆتەوە**

توێژینەوەیەك کراوە لە ٤٩ دەوڵەتی دیموکراتیدا و دەرئەنجامەکەش ئەوە بوو کە دەنگدان بە ڕێژەی لە ١٠٪ دابەزیوە لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠-٨٤ و ٢٠٠٧ و ٢٠١٣. توێژینەوەیەکی لیکۆڵینەوەئاسا کراوە لە حەوت وڵاتی ئەوروپی لە ساڵی ٢٠١٢دا و دەرئەنجامەکەشی ئەوەیە کە نیوەی دەنگدەران متمانەیان بە حکومەتەکەیان نییە، ئیدی گرنگ نییە حکومەتەکە چۆن بێت. هەروەها ڕاپرسییەك کراوە لە نێو دەنگدەرانی بەریتانی لەلایەن دەزگای YouGov لە هەمان ساڵدا و لە ٦٢٪ی ئەوانەی ڕاپرسییان لەگەڵدا کراوە، هاوڕان لەسەر ئەوەی سیاسەتمەدارەکان بە درێژایی کات درۆ دەکەن.

لەم سەروەختانەدا، سنووری نێوان گاڵتەوگەپ و دەستکردن بە هەڵمەتەکانی نارەزایەتی دەربڕین کاڵ دەبێتەوە. لە ساڵی ٢٠١٠دا، باشترین حزب لە ئایسلەندا دەنگی پێویستی بەدەست هێنا بۆ بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی ئەنجومەنی شاری ریکافیکی لە ساڵی ٢٠١٣دا، یەك لەسەر چواری ئیتاڵییەکان دەنگیان دا بە پارتێك کە بیبی جریلۆ دایمەزراندبوو، کە هونەرمەندێکی کومێدییە. هەموو ئەم گاڵتەجاڕییە جەماوەرییە لە ئاست سیاسەتدا، حاڵەتێکی تەندروست دەبوو، ئەگەر بهاتایە خەڵکی داواکارییەکی کەمی لە حکومەت هەبووایە، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە ئەوان هێشتا داواکاریی زۆریان هەیە. کە دەکرێت دەرئەنجامەکە تێکەڵێکی ژەهراوی و ناسەقامگیر بێت: پشتبەستن بە حکومەت لەلایەك و سووکسەرنجدانی لەلایەکی دیکەوە. هێزی وابەستەبوون حکومەت ناچار دەکات زیاد لە پێویست ئەرك و قورسایی بخاتە ئەستۆی خۆی، لە کاتێکدا سووکسەرنجدانی دەبێتە هۆی داماڵینی شەرعییەت لێی. کێشەی بونیادی دیموکراسی شان بە شانی شەکەتبوونی دیموکراسی هەنگاو هەڵدەگرێت.

کێشەکانی نێو جەرگەی دیموکراسی ڕاڤە و لێکدانەوە بۆ شکستهێنانی دیموکراسی لە شوێنەکانی دیکە دەکەن. دیموکراسی لە سەدەی بیستدا سەرکەوتوو بوو، ئەمەش لە بەشێکیدا بەهۆی هەژموونی ئەمریکاوە بوو: چونکە وڵاتانی دیکە ویستیان لاسایی هێزی پێشەنگ بکەنەوە لە جیهاندا. بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی دەستڕۆیشتوویی چیندا، ئەمریکا و ئەوروپا کەمەندکێشی خۆیان وەك مۆدێلێك- کە دەبێت لاسایی بکرێتەوە- لەدەستداوە و گوڕوتینی خۆشیان بۆ بڵاوکردنەوەی دیموکراسی لەدەستداوە. ئەوە بوو ئیدارەی ئۆباما دوچاری ئیفلیجی ببوۆە لە ترسی ئەوەی دیموکراسی سیستمی لە یاسادەرچوو بەرهەم دەهێنێت، یان دەبێتەهۆی تواناداركردنی جیهادییەکان. باشە بۆچی دەوڵەتە تازەگەشەکردووەکان دیموکراسی



پ.د. شێرزاد نەجار
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

بە شێوەیەکی میسالی حکومەت بزانن، کاتێك دەبینن حکومەتی ئەمریکا ناتوانێت بودجە تێپەڕێنێت، چ جای ئەوەی پلان بۆ داهاتوو دابنێت؟ ئەی بۆچی پێویستە تاکرەوەکان گوێ لە موحازەرەکانی پەیوەست بە دیموکراسی لە ئەوروپا بگرن، کاتێك نوخبەی ئەوروپا ئەو سەرکردانە هەڵدەبژێرن کە لەسەر ڕێگەی ئەرسۆدکسی لە بواری داراییدا رادەوەستن. لە هەمان کاتدا، دیموکراسی لە جیهانی تازەگەشەکردوودا رووبەڕووی هەمان ئەو کێشانە بۆوە کە لە جیهانی دەوڵەمەندا دوچاری بۆوە. کە ئەوانیش لە مەودای کورتدا زیادەڕەوییان لە خەرجیدا کرد، لەبری ئەوەی وەبەرهێنان بکەن لە مەودای دووردا. ئەوەتا بەڕازیل کارمەندانی کەرتی گشتی لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا خانەنشین دەکات، بەڵام کارێکی زۆریان نەکردووە بۆ دروستکردنی فرۆکەخانەیەکی هاوچەرخ. هیندستان بەرهەمی کارکردنی ژمارەیەکی زۆری کارمەند دەچنێتەوە، بەڵام وەبەرهێنانێکی زۆر ناکات لە بنیادنانی ژێرخاندا. لە ئەنجامدا گرووپەکانی بەرژەوەندی دەستیان بەسەر سیستمە سیاسییەکاندا گرتووە و بنکۆڵیان کردووە، بەهۆی نەریتە دژ بە دیموکراتییەکانەوە.

باتریك فرنش، کە مێژوونووسێکی بەریتانییە، سەرنجی ئەوە دەدات کە هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی هیندستان لە خوار تەمەنی سی ساڵییەوە ئەندامە لە خانەوادەی سیاسیدا. تەنانەت لە نێو نوخبەی سەرمایەداریشدا، پاڵپشتی بۆ دیموکراسی دادەکشێت: خاوەنکاران لە هیندستان سکاڵای ئەوەیانە کە دیموکراسی پڕ لە پشێوی لە هیندستان ژێرخانێکی گەندەڵکار بەرهەم دەهێنێت، لە کاتێکدا سیستمی سەرکوتکاری چین رێگای خێرا و فرۆکەخانەی دروەشاوە و شەمەندەفەری زۆر خێرا بەرهەم دەهێنێت. ئەمە حاڵی دیموکراسی بوو لە رابردوودا. لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی بیستدا وا دەردەکەوت کە شیوعیەت و فاشییەت لە سەرهەڵدان و هەڵکشاندا بن، کاتێك ئیسپانیا بۆ ماوەیەکی کاتی حکومەتە پەرلەمانییەکەی بەدەست هێنایەوە لە ساڵی ١٩٣١دا، بینیتو مۆسۆلۆنی شوبهاندووە بە گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی چرا لەسەردەمی کارەبادا. لە ناوەڕاست حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، ویلی براندت، کە راوێژکاری پێشووی ئەڵمانیا بوو رایگەیاند کە ئەوروپای رۆژئاوا تەنیا ٢٠ بۆ ٣٠ ساڵی دیموکراسی لەبەردەمدا ماوە، دواتر بەرەو دەریای دیکتاتۆریەت دادەخزێت، بە بێ ئەوەی داهێنان بکات. لە رۆژگاری ئێستادا کاروبارەکان هێندە خراپ نین، بەڵام هەڕەشەی چین لەسەر ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت دیموکراسی بە سرووشتی خۆی باڵادەستترە و لە کۆتاییدا سەرکەوتوو دەبێت، جددیترە لەو هەڕەشەیەی شیوعیەت دروستی کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی چین بەدەستی هێناوە، پەردەپۆشی چەند کێشەیەکی قووڵ دەکات. چونکە نوخبەی ئەو وڵاتە بۆتە نوخبەیەکی خۆپەرست. سامانی ٥٠ دەوڵەمەندترین ئەندامی کۆنگرەی جەماوەری نیشتمانیی چین گەیشتۆتە ٩٤,٧ ملیار دۆلار، واتە ٦٠ هێندەی ٥٠ دەوڵەمەنترین

**بەڕازیل کارمەندانی کەرتی گشتی لە تەمەنی ٥٣ ساڵیدا خانەنشین دەکات، بەڵام کارێکی زۆریان نەکردووە بۆ دروستکردنی فرۆکەخانەیەکی هاوچەرخ**

**توانای هێنانە پێشەوەی سەرکردەی بەدیل کە سیاسەتی بەدیل بخەنەڕوو، وا دەکات دیموکراسی باشتر بێت لە سیستمە تاکڕەوەکان لە دۆزینەوەی چارەسەری داهێنەرانە بۆ کێشەکان و بەرەنگاربوونەوەی دژوارییە وجوودییەکان**

**یەکەم ئاماژەی ئەوەی کە دیموکراسیەتێکی تازەگەشەکردوو بەرەو چەقبەستن دەچێت، بە زۆری ئەو کاتەیە کە حوکمڕانە هەڵبژێردراوەکان هەوڵی نەهێشتنی ئەو کۆتوبەندانە دەدەن کە بە سەریاندا سەپێندراون**

**سنووربەندی و هاوسەنگییە بەهێزەکان گرنگییەکی کەمتریان نییە لە چەسپاندنی پایە دروستەکانی دیموکراسی وەک مافی دەنگدان**

ئەندامی کونگرێسی ئەمریکا. هەروەها ڕێژەی گەشەی چین لە ١٠٪ بۆ ٨٪ دابەزیوە و چاوەڕوان دەکرێت زیاتر دابەزێت- ئەمەش تەحەددییەکی گەورەیە بۆ سیستمێك کە شەرعییەتەکەی بەندە بە بەدیهێنانی گەشەیەکی جێگیرەوە.

لە هەمان کاتدا، هەروەك ئەلکسیس دی توکفیل لە سەدەی نۆزدەدا ئاماژەی پێدەکات، پێدەچێت هەمیشە دیموکراسی لاوازتر دەربکەوێت وەك لەوەی لە واقیعدا هەیە: کە هەمووی پشێوییە لە ڕواڵەتدا، بەڵام چەندین خاڵی بەهێزی شاردراوەی هەیە. توانای هێنانەپێشەوەی سەرکردەی بەدیل کە سیاسەتی بەدیل بخەنەڕوو، وا دەکات دیموکراسی باشتر بێت لە سیستمە تاکڕەوەکان لە دۆزینەوەی چارەسەری داهێنەرانە بۆ کێشەکان و بەرەنگاربوونەوەی دژوارییە وجوودییەکان، ئەگەرچی بە زۆری کاتیان پێویستە بۆ ئەوەی بگەنە سیاسەتە ڕاست و دروستەکان. بۆ بەڵام بەدەستهێنانی سەرکەوتن، پێویستە دیموکراسیەتە جێگیرەکان و تازەگەشەکردووەکان دەستەبەری ئەوە بکەن کە لەسەر بنەمایەکی پتەو خۆیان بنیاد بنێن.

ئەوەی زیاتر مایەی نیگەرانییە لە بارەی دامەزرێنەرەکانی دیموکراسییەتی نوێیەوە، وەك جەیمس مادیسۆن و جۆن ستیوارت میل، باسی لێوە دەکەن، بریتیە لە خۆڕاگریان. ئەوان پێیان وابوو دیموکراسی میکانیزمێکی بەهێزە، بەڵام بێ کەم و کوڕی نییە: کە پێویستە بە ووردی بنیادبنرێت، ئەویش لە پێناو برەودان بە داهێنانکاری مرۆیی، بەڵام لە هەمان کاتدا بۆ پشکنینی لادانی مرۆیی، ئینجا پاراستنی سیستمێکی باشی کارکردن، کە بەردەوام لە هەڵبەزو دابەزدا بێت، بەڵام ڕێکبخرێت و کاری لەسەر بکرێت. پێویستە خۆڕاگری پرسێکی بەپەلە بێت، بەتایبەتی لە کاتی دامەزراندنی دیموکراسییەتێکی نوێدا. یەکێك لە هۆکارەکانی شکستهێنانی ئەم دواییەی ئەزموونە دیموکراسییەکان ئەوەیە کە زیاتر تەرکیز لەسەر هەڵبژاردنەکان دەکاتەوە و کەمتر جەخت لەسەر خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی دیکەی دیموکراسی دەکاتەوە. بۆ نموونە، پێویستە پشکنین بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت بکرێت، پێویستە دەستەبەری مافە تاکەکەسییەکان بکرێت، وەك ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی ڕێکخستن. زۆربەی دیموکراسییەتە نوێیەکان سەرکەوتوو بوون، لەبەر ئەوەی خۆیان نەدایە دەستی مەیلی تاکڕەوی- ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت کە بردنەوە لە هەڵبژاردنەکاندا بوار بە زۆرینە دەدات بۆ ئەوەی هەر کارێك ئەنجام بدات کە دەیەوێت. لە ساڵی ١٩٤٧ەوە ( جگە لە دوو ساڵی باری نائاسایی) هیندستان دەوڵەتێکی دیموکراسیی سەرکەوتوو بوو، هەر لەبەر هەمان هۆکاریش بەڕازیل لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە سەرکەوتووە بووە: هەردووکیان سنووریان بۆ دەسەڵاتی حکومەت دانا و دەستەبەری مافە تاکەکەسییەکانیان کرد. دەستوورە بەهێزەکان نەك تەنیا لەمەودای دووردا سەقامگیری بەهێز دەکەن، و ئەگەری ئەوە کەم دەکەنەوە کە کەمینەی ناڕازی ڕووبەڕووی سیستمەکە دەبنەوە. هەروەها دەبێتەهۆی باشترکردنی هەوڵەکان دژ بە گەندەڵی، کە بەربەستی بەردەم وڵاتە تازەگەشەکردووەکانە. بە پێچەوانەوە، یەکەم ئاماژەی ئەوەی کە دیموکراسیەتێکی تازەگەشەکردوو بەرەو چەقبەستن دەچێت، بە زۆری ئەو کاتەیە کە حوکمڕانە هەڵبژێردراوەکان هەوڵی نەهێشتنی ئەو کۆتوبەندانە دەدەن کە بە سەریاندا سەپێندراون. بەڕێز مورسی ویستی ئەنجومەنی پیرانی میسر پڕ بکات لە لایەنگرانی گرووپی ئیخوان موسلمین. بەڕێز یانوکوفیتش دەسەڵاتی پەرلەمانی ئۆکرانیای کەم کردەوە. پوتین ویستی بە ناوی گەلەوە خۆی لە دامەزراوە سەربەخۆکانی ڕووسیا ڕزگار بکات. زۆرێك لە سەرکردە ئەفریقییەکان زۆرینەی دەستووری دەگرنەبەر- نەهێشتنی سنووربەندییە زەمەنییەکان لەسەر سەرۆکایەتی، یان بەرفراوانکردنی سزاکانی سەر هاوڕەگەزبازەکان، هەروەك ئەوەی سەرۆکی ئۆگەندی یوری موسیفینی کردی لە ٢٤ی شوباتدا.

پێویستە سەرکردە بیانییەکان پتر ئامادە بن بۆ گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانیان کاتێك حوکمڕانەکان دەست بەم ڕەفتارە نالیبراڵییە دەکەن، تەنانەت ئەگەر زۆرینەش پشتیوانیان لێبکات. بەڵام ئەوەی زیاتر پێویستی بە فێربوونی ئەم وانەیە هەیە، بریتییە لە ئەندازیارانی دیموکراسیەتە نوێیەکان: پێویستە درك بەوە بکەن کە سنووربەندی و هاوسەنگییە بەهێزەکان گرنگییەکی کەمتریان نییە لە چەسپاندنی پایە دروستەکانی دیموکراسی وەك مافی دەنگدان. ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە زۆرێك لەو کەسانەی ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بەرەو دیکتاتۆریەت بڕۆن، دەتوانن وانەیەکی زۆر فێربن لە ڕووداوەکانی میسر و ئۆکرانیا: مورسی ژیانی خۆی لە نێوان زیندان و سندوقێکی شووشەییدا لە نێو یەکێك دادگاکانی میسر بەسەر نەدەبرد و بەڕێز یانوکوفیتش ڕاینەدەکرد، ئەگەر کارێکیان نەکردایە کە هاووڵاتییەکانیان پێ تووڕە بێت لە ڕێی کۆکردنەوەی دەسەڵاتەوە.

تەنانەت ئەوانەی ئەوەندە خۆشبەخت بوون و لەسایەی دیموکراسییەتە پێگەیشتووەکاندا ژیاون، دەبێت ئەوانیش بایەخێکی قووڵ بدەن بە سیستمە

سیاسییەکانیان. ئاوێتەکردنی جیهانگیری و شۆڕشی دیجیتاڵی بۆتە هۆی ئەوەی هەندێ لەو دامەزراوانە شانازی بە دیموکراسیبوونەوە دەکەن، کۆن دەربکەون. لەبەر ئەوە دیموکراسییەتە جێگیرەکان پێویستیان بە نوێکردنەوەی سیستمە سیاسییەکانیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە ناوخۆدا رووبەڕوویان دەبنەوە. هەروەها بۆ ئەوەی وێنەی دیموکراسی لەسەر ئاستی دەرەوە چالاك بکەنەوە. کە هەندێ لە دەوڵەتان بە فیعلی دەستیان بەم پرۆسەیە کردووە. ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکی کارێکی کردووە کە ئەندامەکان بە زەحمەت بتوانن کەسانی دیکە دابمەزرێنن. هەندێ لە ولایەتەکان هەڵبژاردنی بەرایی و کراوە ئەنجام دەدەن و ئەرکی دووبارە دابەشکردنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردنیان داوەتە دەست لیژنە سەربەخۆکان تایبەت بە سنوورەکان، کە ئەمانەش گۆڕانکاریی روونی دیکەن و بۆی هەیە، دۆخەکە باشتر بکەن. چاکسازیکردن لە پرسی دەستەبەرکردنی دارایی بۆ حزبەکان، تا ئەو کاتەی کە ناوی سەرجەم کۆمەکبەخشەکان رادەگەیەندرێت، دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و رەنگە پەرلەمانی ئەورووپا داوای وەسڵی خەرجییەکان لە ئەندامانی بکات. ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی ئیتاڵی مووچەیەکی زیاتر وەردەگرن، کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ئەنجامدانی کارەکان زەحمەتتر بێت. بەڵام ئەو کەسانەی چاکسازی دەکەن، پێویستە تمووحی زیاتریان هەبێت. باشترین رێگە بۆکۆتوبەندکردنی هێزی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان بریتییە لە سنووردارکردنی ژمارەی ئەو شتە باشانەی کە دەکرێت دەوڵەت دابەشیان بکات. باشترین رێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نائومێدیی جەماوەری لە ئاست سیاسییەکاندا بریتییە لە کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو بەڵێنانەی پێیان دەدرێت. بە کورتی، کلیلی دیموکراسیەتێکی تەندروستتر بریتییە لە دەوڵەتێکی بەرتەسکتر، ئەمەش بیرۆکەکەیە دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی ئەورووپی. مادیسۆن مشتومڕی ئەوەی دەکرد کە دژوارییی گەورە لە چوارچێوەی پێکهێنانی حکومەتێکدا کە مرۆڤ حوکمڕانی دەکات و حکومڕانیکراوەکانیش هەر مرۆڤن، ئەوەیە سەرەتا دەبێت حکومەتەکە توانادار بکرێت، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی حوکمڕانیکراوەکان بکات. هەروەها بیرۆکەی حکومەتی سنووردار بەشێکی دانەبڕاو بوو لە دووبارە خستنەوەگەڕی دیموکراسی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی. میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان (١٩٤٥) و جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ (١٩٤٨) چەند ماف و پێوەرێکیان دانا، کە نابێت دەوڵەتان لێیان لابدەن، تەنانەت ئەگەر زۆرینەش خواستی لەسەر بوو.

پاڵنەری ئەم دیسپلین و هاوسەنگییانە ترس بوو لە تاکڕەوی. بەڵام لە ئێستادا، بەتایبەتی لە رۆژئاوا، دیاریکردنی ئەو مەترسییە گەورانەی رووبەڕووی دیموکراسی بوونەتەوە، بۆتە کارێکی زەحمەت. کە یەکێکیان بریتییە لە قەبارەی روولە زیادی دەوڵەت. بەرفراوانبوونی بێ پەروای حکومەت دەبێتە هۆی سنووردارکردنی ئازادی و دەسەڵاتی زیاتر بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکان دەستەبەر دەکات. هۆکارێکی دیکە بریتییە لە نەریتی حکومەتەکان لە پێدانی ئەو بەڵێنانەی ناتوانێت جێبەجێیان بکات، ئیدی لە رێی دروستکردنی شایستەییەکەوە بێت کە ناتوانێت بیاندات، یان هەڵگیرسانی شەڕێك کە ناتوانێت براوە بێت تێیدا، تەواو وەك ئەو کەسەی کە ئالوودەی مادە هۆشبەرەکانە. کەواتە پێویستە قەناعەت بە هەر یەکە لە دەنگدەران و حکومەتەکان بکرێت بە لایەنە باشەکانی قبووڵکردنی سەپاندنی سنووربەندی بە سەر مەیلی سرووشتیی دەوڵەت بۆ بەرفراوانبوون. بۆ نموونە، کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی نەختینەیی بانکە ناوەندییە سەربەخۆکان بووە هۆی جڵەوکردنی هەڵئاوسانی بەربڵاو لە هەشتاکاندا. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، بیرۆکەی حکومەتی سنووردار لەسەر ئاستێکی بەرفراوانی سیاسەت جێبەجێ بکرێت. دیموکراسیەتە پێگەیشتووەکان، بە چەشنی دیموکراسیەتە تازەپێگەیشتووەکان، دیسپلین و هاوسەنگیی گونجاویان پێویستە لە پەیوەندی بە دەسەڵاتی حکومەتی هەڵبژێردراوەوە. حکومەتەکان دەتوانن بە رێگەی جیاواز جڵەوی خۆیان بکەن. دەکرێت کۆت و بەندی ئاڵتوونی بگرنەبەر لە رێی تەبەنیکردنی رێسای توندی دارایی- هەروەك ئەوەی سویدییەکان کردیان لە رێی بەڵێندان بە هێنانەدی هاوسەنگی لە بودجەکەیان بە درێژایی دەورە ئابوورییەکە. بۆ نموونە، دەکرێت لە رێگەی «مەرجی پەیوەست بە دیاریکردنی کۆتاییهاتنی کاریگەری» سیاسەتمەداران ناچار بکرێن کە هەر دە ساڵ جارێك یاساکان نوێ بکەنەوە. هەروەها دەتوانن داوا لە لیژنە حزبییەکان بکەن، پێشنیاری چاکسازیی درێژخایەن بکەن. سویدییەکان سیستمی مووچەی خۆیان لە داڕووخان رزگار کرد، کاتێك لیژنەیەکی سەربەخۆ پێشنیاری چاکسازیی کردارییان کرد کە زیادکردنی بەکارهێنانی مووچەی تایبەتی لەخۆ گرت، لەگەڵ گرێدانەوەی تەمەنی خانەنشینی بە

**دیموکراسیەتە جێگیرەکان پێویستیان بە نوێکردنەوەی سیستمە سیاسییەکانیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە ناوخۆدا رووبەڕوویان دەبنەوە**

**باشترین رێگە بۆکۆتوبەندکردنی هێزی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان بریتییە لە سنووردارکردنی ژمارەی ئەو شتە باشانەی کە دەکرێت دەوڵەت دابەشیان بکات. باشترین رێگە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نائومێدیی جەماوەری لە ئاست سیاسییەکاندا بریتییە لە کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو بەڵێنانەی پێیان دەدرێت**

**بەرفراوانبوونی بێ پەروای حکومەت دەبێتە هۆی سنووردارکردنی ئازادی و دەسەڵاتی زیاتر بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکان دەستەبەر دەکات**

تێکڕای تەمەنی چاوەڕوانکراوەوە. هەروەها چیللی بە شێوەیەکی تایبەتی سەرکەوتوو بوو لە بەڕێوەبردنی دۆخێکی تێکەڵ لە هەڵبەزودابەزی بازاڕی مس و فشاری جەماوەری لە پێناو خەرجکردنی داهاتی زیادە لە رۆژگارە باشەکاندا. هەروەها رێسای توندی گرتەبەر بۆ دڵنیابوون لە بوونی داهاتی زیاد لە کاتی دەورەی ئابووریدا، کە لیژنەیەکیان لە شارەزایان دیاریکرد بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاڵوگۆڕە ئابوورییەکاندا. ئایا ئەمە رێگایەك نییە بۆ لاوازکردنی دیموکراسی لە رێی رادەستکردنی دەسەڵاتی زیاتر بە کەسانی شارەزاوە؟ مەرج نییە.

دەکرێت رێساکانی نکۆڵی لەخۆکردن ببێتە هۆی بەهێزبوونی دیموکراسی لە رێی رێگەگرتن لە دەنگدانی خەڵکی لەسەر سیاسەتەکانی خەرجکردن کە دەبێتە هۆی مایەپووچبوون و داڕووخانی کۆمەڵایەتی و پاراستنی کەمینەکان لە سەرکوتکاری. بەڵام بە دڵنیاییەوە بۆی هەیە پرۆسە تەکنۆکراتییەکە بۆ سنوورێکی دوور ببات. دەبێت بە رادەیەکی کەم دەسەڵات دابەزێندرێت، ئەویش لە چەند بوارێکی گەورەی کەمدا، وەك سیاسەتی نەختینەیی و چاکسازیکردن لە مافەکاندا، دەبێت ئەم پرۆسەیەش کراوە و شەفاف بێت.

پێویستە رەوتی هەڵکشاو بەرەو حوکمڕان و تەکنۆکراتەکان هاوسەنگ بێت بە دابەزاندنی دەسەڵات بۆ خوارەوە. دژوارییەکە بریتییە لە بەکارهێنانی هێزی دووانەیی جیهانگیری و مەحەلی، لەبری هەوڵدان بۆ فەرامۆشکردن، یان بەرهەڵستیکردنیان. بەهۆی هاوسەنگیی دروستیی نێوان ئەم دوو رێچکەیەوە، ئەوا بۆی هەیە خودی ئەو هێزانەی لە سەرەوەڕا هەڕەشە لە دیموکراسیەتە جێگیرەکان بکەن، لە رێی جیهانگیرییەوە و بە شێوەیەکی کەمتر، لە رێی هەڵکشانی هێزە بچووکەکانەوە، ببنەهۆی بەهێزکردنی دیموکراسی لە بری لاوازکردنی.

توکوفیل مشتومڕی ئەوەی کرد کە دیموکراسییە مەحەلییەکان بە زۆری بەرجەستەبوونی دیموکراسی بوونە لە باشترین حاڵەتەکانیدا. کۆبوونەوەکانی شار بریتییە لە ئازادیی پەروەردە لە قوتابخانە سەرەتاییەکان، کە ئەمانە دەستەبەر دەکەن بۆ خەڵکی و پیاوان فێری چۆنیەتی بەکارهێنان و چێژلێوەرگرتنی دەکەن. هەروەها سەرۆك شارەوانییەکان بەردەوام چەند هێندەی رەزامەندیی سیاسەتمەدارە نیشتمانییەکان بەدەست دەهێنن، بۆیە دەکرێت تەکنەلۆژیای نوێ وێنەیەکی هاوچەرخی کۆبوونەوەکانی شارەوانی دووبارە بکاتەوە کە توکوفیل باسی دەکات، ئەویش لە پێناوی باشترکردنی بەشداریکردنی مەدەنی و داهێناندا. بوونی دیموکراسیەتێکی لە رادەبەدەر لەسەر ئەنتەرنێت کە هەموو شتێك لە زنجیرەیەکی ناکۆتایی لە دەنگی گشتیدا دادەنێت، رۆڵی هەیە لە پاڵ گرووپەکانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان. بەڵام دەکرێت تەکنۆکرات و دیموکراسیەتی راستەوخۆ بتوانن یەکتری جڵەو بکەن: بۆ نموونە، دەکرێت لیژنە سەربەخۆکان بودجە، هەڵسەنگاندن بکەن بۆ تێچوون و کەڵکی دەستپێشخەرییەکانی دەنگدانە مەحەلییەکان.

لە زۆرێك لە شوێنەکاندا بە شێوەیەکی راست و دروست بەرەوپێشچوون بەدەست هاتووە بۆ بەدەستهێنانی ئەم دوو حاڵەتە. ئەو نموونەیەی زیاتر مایەی هاندانە لەم رووەوە، بریتیە لە کالیفۆڕنیا، کە سیستەمە دیموکراسیەتە راستەوخۆکەی بواری بە هاووڵاتیان داوە بۆ ئەوەی دەنگ بۆ سیاسەتی دژبەیەك بدەن، وەك خەرجی زۆر و باجی کەمتر، لە کاتێکدا کە هەڵبژاردنە بەراییە داخراوەکان و کەرتە دابەشکراوەکان تا رادەیەکی گەورە ئامرازێکن بۆ توندڕەوی. بەڵام لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا، کالیفۆڕنیا زنجیرەیەك لە چاکسازی خستەڕوو، کە لە بەشێکیدا فەزڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی نیکۆلاس بیرغرون، کە کەسێکی خێرخواز و وەبەرهێنە. دەوڵەت، لیژنەی «بیرکردنەوەی درێژخایەنی» بۆ بەرەنگاربوونەوەی رەوتە کورت مەوداکانی پەیوەست بە دەستپێشخەرییەکانی دەنگدانەوە پێکهێنا. هەڵبژاردنی بەرایی و کراوەی ئەنجامدا و دەسەڵاتی رادەستی لیژنەیەکی سەربەخۆ کرد بۆ دووبارە دارشنەوەی سنوورەکان و سەرکەوتو بوو لە هاوسەنگکردنی بودجەکەیدا- ئەمە دەستکەوتێك بو کە داریل شتاینبرغ Darell Steinberg، سەرۆك ئەنجومەنی پیران لە ویلایەتی کالیفۆڕنیا، وەك «نیمچە سریالی» وەسفی کرد.

بە هەمان شێوە، حکومەتی فنلەندی لیژنەیەکی ناحزبی دروست کرد بۆ پێشکەشکردنی پێشنیارەکان بۆ سیستمی داهاتووی مووچە. لە هەمان کاتدا، هەوڵدەدات سوود لە دیموکراسییەتی ئەلیکترۆنی وەربگرێت، پەرلەمان پابەندە بە دیراسەتکردنی هەر دەستپێشخەرییەکی هاووڵاتییان کە ٥٠،٠٠٠ واژووی لەسەر بێت. بەڵام پێویست بە ژمارەیەکی زیاتری ئەم ئەزموونانە دەکات -ئاوێتەکردنی تەکنۆکراسی و دیموکراسیەتی راستەوخۆ، و پێدانی دەسەڵات بە ئاستی سەرەوە و خوارەوە- ئەمە ئەگەر دیموکراسی رێگای پاشەکشەی گرتبێتەبەر.

جۆن ئادامز، دووەم سەرۆکی ئەمریکا، رایگەیاند:

**پێویستە قەناعەت بە هەر یەکە لە دەنگدەران و حکومەتەکان بکرێت بە لایەنە باشەکانی قبووڵکردنی سەپاندنی سنووربەندی بە سەر مەیلی سرووشتیی دەوڵەت بۆ بەرفراوانبوون**

**سویدییەکان سیستمی مووچەی خۆیان لە داڕووخان رزگار کرد، کاتێک لیژنەیەکی سەربەخۆ پێشنیاری چاکسازیی کردارییان کرد کە زیادکردنی بەکارهێنانی مووچەی تایبەتی لەخۆ گرت، لەگەڵ گرێدانەوەی تەمەنی خانەنشینی بە تێکڕای تەمەنی چاوەڕوانکراوەوە**

**بوونی دیموکراسییەتێکی لە رادەبەدەر لەسەر ئەنتەرنێت کە هەموو شتێک لە زنجیرەیەکی ناکۆتایی لە دەنگی گشتیدا دادەنێت، رۆڵی هەیە لە پاڵ گرووپەکانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان**

دیموکراسی درێژە ناکێشێت، هەر زوو بەهەدەر دەچێت، شەکەت دەبێت و پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات، تا ئێستا دیموکراسییەتێك نەبووە پەنای بۆ خۆکوشتن نەبردبێت. بەڵام ئەو بە شێوەیەکی روون هەڵە بوو. لە پێکدادانە ئایدیۆلۆژییەکانی سەدەی بیستدا، دیموکراسی براوەی گەورە بوو. بەڵام ئەگەر دیموکراسی بە چەشنی سەدەی بیست لە سەدەی بیست و یەکیشدا سەرکەوتوو بێت، ئەوا دەبێت هەوڵی جێگیرکردنی بدرێت کاتێك لە گەشەکردندایە و بە وریاییەوە بپارێزرێت کاتێك لە پێگەیشتندایە.


ئەگەر بمانەوێت گفتوگۆ لەبارەی پرسی دەستەبەرییە دەستوورییەکانی ئازادی رادەربڕین بکەین، لە حاڵەتی لێدوانی دژ بە دیموکراسیدا، ئەوا سەرەتا رووبەڕووی کێشەیەکی بنەڕەتی دەبینەوە. ئەم لێدوانانە هێرشن بۆ سەر بنەماکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی و زۆرجار وا ئاماژە بە کێشەکە دەدرێت، وەك ئەوەی پێی دەڵێن تەنگژەی دیموکراسی. لەگەڵ ئەمەشدا، ململانێی تایبەتی چوارچێوەی دیموکراسی لە نێوان پاراستنی بەها دیموکراسییەکانی وەك لێبوردەیی و جیاکارینەکردن لەلایەك و پاراستنی ئازادیی رادەربڕین، گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە سایەی دیموکراسیدا. ئەگەر هاتوو لێبوردەیی و جیاکارینەکردن رووبەڕووی مەترسی بوونەوە لە رێی ئازادیی رادەربڕینەوە، ئەوا دەبێت گفتوگۆ بکرێت لەبارەی ئەوەی ئایا دەکرێت پاساو بهێنرێتەوە بۆ سنووردارکردنی ئازادیی رادەربڕین کە لە رووی دیموکراسییەوە گرنگە، تەنانەت ئەگەر ئەمە لە پێناوی پاراستنی کەمتری ستانداردی دیموکراسیدا بێت. کە لێرەدا بوارێکی دیموکراسی لە بەرژەوەندیی بوارێکی دیکەی دیموکراسی بەرتەسك دەکرێتەوە. بە بێ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەم تەنگژەیە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، ئەوا ناکرێت بە شێوەیەکی تەواو مامەڵە لەگەڵ وردەکارییەکانی لێدوانەکانی دژ بە دیموکراسی بکرێت، بە چەشنێك کە لەگەڵ مافە بنەڕەتییەکان یەك بگرێتەوە.

سیاسەت شوێنکەوتەی جیۆپۆلەتیکە، یان بە درێژایی مێژوو زۆرجار وا دەرکەوتووە. کاتێك ئیمپراتۆریەتی دیموکراسیی ئەسینا لە سەدەی پێنجی پێش زاییندا هەڵکشا، چەند دەوڵەت شارێکی یۆنان کە دیموکراسییەکان حوکمڕانییان دەکردن، بڵاو بوونەوە. هێزی سپارتا لە بڵاوکردنەوەی ئۆلیگارشی لەسەر شێوازی ئەسپارتا رەنگدانەوەی هەبوو. کاتێك هێزی یەکێتی سۆڤیەت لە سەرەتاکانی ساڵانی شەڕی سارددا هەڵکشا، شیوعیەت بڵاو بۆوە. لە ساڵانی دواتری شەڕی سارددا و کاتێك ئەمریکا و ئەورووپای رۆژئاوا لە پێگەیەکی باشتردا بوون و لە کۆتاییدا براوە بوون، دیموکراسییەت سەرکەوت و شیوعیەت داڕووخا. ئایا هەموو ئەمانە دەرئەنجامی شەڕی ئەفکارەکان بوون، هەروەك ئەوەی فرانسیس فۆکۆیاما و کەسانی دیکە باسی لێوە دەکەن و دەڵێن: سەرمایەداریی لیبراڵی بیرۆکەیەکی باشترە و سەرکەوتوو دەبێت بەسەر بیرۆکە خراپەکانی شیوعیەت و فاشییەتدا، یان بیرۆکە لیبراڵەکان سەرکەوتوو بوون لە بەشێکیدا بە هۆی رووداوی شەڕ و ئاڵوگۆڕە راستەقینەکان زیاتر لە بواری هزریدا و کەمتر لە بواری دەسەڵاتدا. ئەمانە چەند پرسیارێکی پەیوەندیدارن. ئێمە لە رۆژگارێکدا دەژین کە گەلانی دیموکراسی لە جیهانی جیۆپۆلەتیکدا پاشەکشە دەکەن و خودی دیموکراسیش لە پاشەکشەدایە. ئەم دیاردەیەی دوایی بە شێوەیەکی زۆر باش لەلایەن دەزگای «فریدەم هاوس»ـەوە بە دۆکیۆمێنت کراوە، کە داکشانی ئازادیی لە جیهاندا و بۆ ساڵی حەوتەم لەسەر یەك تۆمار کردووە. لەسەر ئاستی جیۆپۆلەتیکیش، تابلۆ بونیادییە گۆڕاوەکان نەبوونە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی زەمینلەرزەئاسا دەسەڵات رێکبخرێتەوە، بەڵام سکاڵاکان گوێ لێ گیراون.

دەوڵەتە دیموکراسییەکانی ئەورووپا، کە چاوەڕوان دەکرا هەندێکیان رووبەڕووی چەقبەستن ببنەوە، تەرکیزیان لەسەر ناوخۆ کردەوە و دەستیان لە خەونەکانی خۆیان هەڵگرت بۆ دووبارە داڕشتنەوەی سیستمی نێودەوڵەتی لەسەر وێنەی خۆیان. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە دیموکراسییەتە هەڵکشاوەکانی وەك بەڕازیل و هیندستان و تورکیا و باشووری ئەفریقیاوە هەبێت، ئەوا بە هەمان ئەو رەوتە خێرایە هەڵناکشێن کە رۆژێك لە رۆژان چاوەڕوان دەکرا و لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکاندا وەك دەوڵەتی دیموکراسی هەڵسوکەوت ناکەن و لە مەودایەکی ئیقلیمی و بەرتەسکدا تەرکیزیان چڕکردۆتەوە. هێشتا هەستیارییەکانی دوای ئیستعیمار و بیلایەنی- لە رێی نارەزاییەکی کۆن بەڵام ترسێکی بە حەزەرەوە- رۆڵیان هەیە لە داڕشتنی ناسنامەکانیاندا، کە دەبێتەهۆی ئەوەی بۆ نموونە خۆسەپێنی بەهێز بکەن بەسەر ئۆکرانیای دیموکراسیدا، لە بری ئەوەی ئیدانەی بکەن، بەڕازیلیش شەراکەتی لەگەڵ دیکتاتۆرە فەنزویلییەکاندا پەسەند کرد، نەك کارکردن لەگەڵ سەرۆکە دیموکراسییەکانی ئەمریکای باکوور.

**ئێمە لە رۆژگارێکدا دەژین کە گەلانی دیموکراسی لە جیهانی جیۆپۆلەتیکدا پاشەکشە دەکەن و خودی دیموکراسیش لە پاشەکشەدایە. ئەم دیاردەیەی دوایی بە شێوەیەکی زۆر باش لەلایەن دەزگای «فریدەم هاوس»ـەوە بە دۆکیۆمێنت کراوە، کە داکشانی ئازادیی لە جیهاندا و بۆ ساڵی حەوتەم لەسەر یەک تۆمار کردووە**

**یەک لەسەر چواری ئیتاڵییەکان دەنگیان دا بە پارتێک کە بیبی جریلۆ دایمەزراندبوو، کە هونەرمەندێکی کومێدییە. هەموو ئەم گاڵتەجاڕییە جەماوەرییە لە ئاست سیاسەتدا، حاڵەتێکی تەندروست دەبوو، ئەگەر بهاتایە خەڵکی داواکارییەکی کەمی لە حکومەت هەبووایە**



بێنجامین کۆهین پرۆفیسۆره لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی کالیفۆرنیا سانتا باربارا، تایبەتمەندی ئابووریی سیاسیی نێودەوڵەتییە، چەندین کتێب و توێژینەوەی هەیە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە نەختینە و سیاسەتی ئابووریی ئەمریکا، تیۆرەکانی ئیمپریالیزمی ئابووری و مێژووی ئابووریی سیاسیی نێودەوڵەتی، دوایین کتێبیشی پەیوەستە بە بەکارهێنانی دراو وەك ئامرازێك بۆ ئیدارەدانی کاروباری دەوڵەت و رکابەریی دارایی و تمووحە جیۆپۆلەتیکییەکانەوە.
گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بە بەکارهێنانی دراو لە بواری نێودەوڵەتی و بەرەودان بە ئامانجە سیاسییەکانەوە.

**بێنجامین کۆهین**

پرۆفیسۆری ئابووریی سیاسیی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# ئەمریکا دراو وەک ئامرازێکی بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی بەکار دەهێنێت

*** بەم دواییە ئێوە چەمکێکی نوێتان دارشت، کە بریتییە لە بەکارهێنانی دراو وەك ئامرازێك بۆ ئیدارەدانی کاروباری دەوڵەت (currency statecraft) ئایا بنەما و پایە بنەڕەتییەکانی ئەم تیۆرە و چەمکە چین و لەگەڵ چەمکی بەکارهێنانی ئابووری بۆ ئیدارەدانی دەوڵەت، یان ئەوەی پێی دەڵێت جیۆئۆکۆنمی، جیاوازییەکەی چییە؟**

- چەمکی بەکارهێنانی دراو وەك ئامرازێك بۆ ئیدارەدانی کاروباری دەوڵەت(currency state-craft) کە من لە دوایین کتێبمدا لەبارەیەوە نووسیومە، پەیوەستە بەوەی دەوڵەتەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دراوی خۆیان بەکاربهێنن، بۆ نموونە دراوەکانی وەك دۆلار و یۆرۆ و یەن و فرەنکی سویسری و پاوەندی بەریتانی، ئەو دراوانەن کە بۆ رێککەوتن و سەفقە و وەبەرهێنانە نێودەوڵەتییەکانی نێوان سنوورەکان بەکاردەهێندرێن. ئەوەی من مەبەستمە لەم چەمکە، ئەوەیە ئایا ئەو حکومەتانەی ئەم دراوانەیان دەرکردووە، دەیانەوێت بە چ شێوەیەك بەکاری بهێنن؟ واتە دراوە نیشتمانییەکەیان بە چ شێوەیەك بەکار دەهێنن. من لە کتێبی پێشوومدا (هێزی دراو) باسم لەوە کردووە کە کاتێك دراوێك دەبێتە دراوێکی نێودەوڵەتی، ئەوا ئەو دەوڵەتەی ئەو دراوەی دەرکردووە، لە رێی ئەو دراوەوە ئامرازێك لە ئامرازەکانی هێز بەدەست دەهێنێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکانی. بەڵام کتێبە نوێیەکەم (Currency Statecraft: Monetary Rivalry and Geopolitical Ambition،) پەیوەستە بەوەی ئایا وڵاتان ئەم سەرچاوەی هێزە چۆن بەکار دەهێنن، هەندێ لە وڵاتان بۆ بەدەستهێنانی مەرامی سیاسی دەیخەنەگەڕ، بۆ نموونە، ئەمریکا. وڵاتانی دیکە لە رابردوودا ئەم ئامرازەیان لە پێناوی ئەم ئامانجەدا بەکار نەهێناوە. کەواتە ئەم چەمکە پەیوەستە بە ئامادەیی وڵاتێك بۆ بەکارهێنانی ئەم ئامرازی هێزە (دراو) بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسییەکان.

**ئەمریکا یەکێکە لەو وڵاتە کەمانەی کە دراوەکەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕۆڵی هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەتی ئەمریکا ئامراز و چەکێکی بەدەستەوە بێت لەم ڕووەوە**

**لە قەیرانە جیهانییەکەی ساڵی ٢٠٠٨دا، حکومەتەکان هاوکاریی یەکتریان کرد، لەبەر ئەوەی ئابووریی جیهان لەسەر لێواری داڕووخاندا بوو، واتە پاڵنەری ئەوەیان هەبوو بۆ ئەوەی سیستمەکە ڕزگار بکەن. بەڵام لە ئێستادا زەحمەتە وڵاتان هاوکاریی یەکتر بکەن لەبەر ئەوەی سەرەوەختی قەیرانە داراییەکە حاڵەتێکی ناوازە بوو**

*** هەروەها ئێوە یەکێکن لە باوکانی دامەزرێنەری چەمکی ئابووریی سیاسیی نێودەوڵەتی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت هەمان چەمکی پێشوو- بەکارهێنانی دراو وەك ئامرازێکی ئیدارەدانی دەوڵەت- لە ژێر ئەم ناونیشانەی سەرەوەدا ڕاڤە بکرێت؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، چونکە کاتێك باسی بەکارهێنانی ئامرازێك دەکەین -کە سرووشتێکی ئابووری هەیە- بۆ برەودان بە ئامانجە سیاسییەکان، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێمە باسی ئابووریی سیاسیی نێودەوڵەتی دەکەین.

*** ئاشکرایە کە ئیدارەی ترەمپ بازووی ئابووریی خۆی دەخاتەڕوو، لە بەرامبەر دۆست و نەیارەکانی بەکاری دەهێنێت، لێکدانەوە و تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- بە شێوەیەکی سەرەکی ترەمپ جەختی لەسەر بەکارهێنانی بازرگانی وەك ئامرازێکی بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییەکان کردۆتەوە. هەروەك ئێوەش دەزانن، ئیدارەی ترەمپ ڕسوماتی سەپاندووە بەسەر چەندین کاڵادا، کەواتە ئەوەی ترەمپ ئەنجامیداوە، بریتییە لە بەکارهێنانی بازرگانی، نەك دراو، بۆ ئیدارەدانی کاروباری دەوڵەت. بەڵام کاتێك لەو سزایانە دەڕوانین کە بەسەر ئێراندا سەپێندراوە، ئەوا ئەمە حاڵەتی بەکارهێنانی دراوە بۆ بەرەوپێشبردنی مەرامە سیاسییەکان، لەبەر ئەوەی ئەمریکا توانای ئەوەی هەیە دراوەکەی بۆ چەندین ئامانجی نێودەوڵەتی بەکاربهێنێت. کەواتە ئەمریکا توانای ئەوەی هەیە زیان بە حکومەتەکانی دیکە بگەیەنێت کە دەکەونە ناکۆکییەوە لەگەڵیدا، ئەویش لە ڕێی بێبەشکردنیان لە دەستڕاگەیشتنیان بە دراوی ئەمریکی. ئەمەش ئەو دەرئەنجامەیە کە سزا داراییەکانی سەر ئێران هێناویانەتەئاراوە. دەبێت لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە ئیدارەی ترەمپ تەنیا ئیدارەی ئەمریکا نییە، ئەم کارەی کردبێت، بەڵکو پێشتریش ئیدارەی ئۆباما هەمان کاری ئەنجامدا، کاتێك سزای دارایی سەپاند نەك تەنیا بەسەر ئێراندا- لە ڕێی سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە دراوی دۆلار-، بەڵکو سزای لاوەکی سەپاند بەسەر ئەو بانك و قەوارە ئابوورییانەشدا کە هەوڵیان دەدا هاوکاریی ئێران بکەن، تاوەکو خۆی لە سزاکانی ئەمریکا بدزێتەوە. ئێستاش ئەوەتا ئیدارەی ترەمپ ئەم سزایانە بەسەر ئێراندا سەپاندۆتەوە و تاکلایەنانە لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کشاوەتەوە و هەروەك ئاماژەم پێکرد، دووبارە سزاکانی سەپاندۆتەوە و ئەمەش حاڵەتی یان نموونەی بەکارهێنانی دراوە وەك ئامرازێکی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت و ڕەنگە ئەمە بەرچاوترین و زەقترین نموونە بێت لەم ڕووەوە.

*** کەواتە ئێوە لەگەڵ ئەوەدان لەبری شەڕی بازرگانی ئەمریکا شەڕی دراو بکات؟**

- لە ڕاستیدا، من خوازیاری هیچ شەڕێك نییم، نە شەڕی دراو و نە شەڕی بازرگانی، من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لەبەر ئەوەی دراوی دۆلار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستێکی بەربڵاو بەکار دەهێنرێت، ئەوا ئەمریکا چەکێکی بەدەستەوەیە بۆ هەڵگیرساندنی شەڕی ئابووری، کە ئەمە بە زۆرێك لە وڵاتانی دیکە ناکرێت، چونکە دراوی زۆربەی وڵاتانی دیکە ڕۆڵێکی نێودەوڵەتییان نییە، واتە توانای ئەوەیان نییە دراوی خۆیان بکەنە ئامرازێك بۆ ئیدارەدانی کاروبارەکانی دەوڵەتەکەیان. بەڵام ئەمریکا یەکێکە لەو وڵاتە کەمانەی کە دراوەکەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕۆڵی هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەتی ئەمریکا ئامراز و چەکێکی بەدەستەوە بێت لەم ڕووەوە.

*** لە یەکێك لە چاوپێکەوتنەکاندا باسی هاوکاریی بواری دارایی لە نێوان وڵاتاندا دەکەیت، پێتوایە تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە ئەم هاوکارییە ڕووبدات؟**

- پێموایە ئەگەرێکی لاواز هەیە لەم ڕووەوە، چونکە هەمیشە هاتنەدی ئەم هاوکارییە لە نێوان حکومەتەکاندا دژوار بووە. لە قەیرانە جیهانییەکەی ساڵی ٢٠٠٨دا، حکومەتەکان هاوکاریی یەکتریان کرد، لەبەر ئەوەی ئابووریی جیهان لەسەر لێواری داڕووخاندا بوو، واتە پاڵنەری ئەوەیان هەبوو بۆ ئەوەی سیستمەکە ڕزگار بکەن. بەڵام لە ئێستادا زەحمەتە وڵاتان هاوکاریی یەکتر بکەن لەبەر ئەوەی سەرەوەختی قەیرانە داراییەکە حاڵەتێکی ناوازە بوو، کە هەموو لایەك هەوڵی ڕزگارکردنی ئابووری دەدا. دواتر هاوکاری پێویستی بە سازشکردن هەیە لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکان، بەڵام

ئێستا لەبەر ئەوەی دۆخێکی ئاسایی هەیە لە جیهاندا، ئەوا زەحمەتە بتوانین قەناعەت بە حکومەتەکان بکەین بۆ ئەوەی سازش بکەن، لەم روانگەیەوە من ئەگەرێکی گەورە بەدی ناکەم بۆ سەرکەوتنی هەوڵەکانی هاوکاری لە بواری داراییدا، بەلای کەمەوە لە ئێستادا کە بارگرژی هەیە بە هۆی سیاسەتەکانی ئیدارەی ترەمپەوە.

*** ئایا دەرئەنجامە ناسەقامگیرکارەکانی ئەم بە چەککردنی دراوە چین؟**

- دەبێت ددان بەوەدا بنێم کە من زۆر رەشبینم بە هۆی دوو ساڵی سەرۆکایەتی ترەمپەوە، واتە زۆر نیگەرانم لە ئەگەری کاریگەریی خراپی سیاسەتەکانی ترەمپ لەسەر سەقامگیریی بازاڕی نێودەوڵەتی و ترسم هەیە لەوەی ئەگەر ئیدارەی ترامپ لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا بەردەوام بێت لەسەر سیاسەتە خراپەکانی، ئابووریی جیهان تووشی قەیران و داکشانی جددی دەبێتەوە.

*** باشە بە لەبەرچاوگرتنی بارگرژیی نێوان چین و ئەمریکا، ئایا پێتوایە جارێکی دیکە ململانێی نێوان هێزە مەزنەکان سەریهەڵداوەتەوە بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا؟**

- لە راستیدا گفتوگۆی بواری بازرگانی لەنێوان چین و ئەمریکا زۆر روون نییە، من دوودڵم لەوەی پێشبینی بکەم، هەروەها ترەمپ پێیوایە باڵادەستە لەم رووەوە و حکومەتی چینیش زۆر بایەخ بە ناوبانگی خۆی دەدا و هەوڵدەدات لاواز دەرنەکەوێت لە ئاست فشارە ئابوورییەکانی ئەمریکادا.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بۆ ئایندەی ئابووریی جیهانی مژدەبەخش نین؟**

- پێموایە دەکرێت بڵێین سیاسەتەکانی ئیدارەی ترەمپ مژدەبەخش نین بۆ ئابووریی جیهانی، هەروەها باوەڕم وایە دەتوانین بڵێین ئیدارەی ترەمپ بە رۆحییەتی بازرگانی کاروبارەکانی بواری دەرەوە هەڵدەسوورێنێت و بە بۆچوونی من ترەمپ تێگەیشتنێکی باشی نییە بۆ ئابووری و سوودەکانی رێککەوتنە بازرگانییە هەمەلایەنەکان و ئەو تەنیا بایەخ بەوە دەدات کە لە رێککەوتنە دووقۆڵییەکان لە پێگەیەکی باشتردا بێت.

ئەولەوییەتی سەرەکیی ئیدارەی ترەمپ بریتییە لە کەمکردنەوەی کورتهێنان لەسەر بنەمای ئەنجامدانی رێککەوتنی دوو قۆڵی و دەیەوێت هێزی ئەمریکا بە چەشنێك بەکاربهێنێت کە زۆرترین دەرئەنجامی لێبکەوێتەوە. واتە لەبەر ئەوەی ئەمریکا بازاڕێکی گەورەیە، ئەوا ئاسانتر دەتوانێت گفتوگۆی دوو قۆڵی لەگەڵ وڵاتاندا بکات لەبری ئەوەی لەگەڵ گرووپێك لە وڵاتاندا ئەم گفتوگۆیە بکات. کە دەکرێت لەم رووەوە ئاماژە بە سەرکەوتنی ئەم رێچکەیە بکەین لە گفتوگۆکانی ئەمریکا لەگەڵ کۆریای باشوور و مەکسیك و کەنەدا و ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەمریکا لە گفتوگۆ دوو قۆڵییەکاندا لە پێگەیەکی باشتردایە.

*** باشە چۆن لە رۆڵی رێکخراوێکی وەك رێکخراوی بازرگانیی جیهانی دەڕوانیت لەم رووەوە؟**

- لە هەندێ رووەوە سیاسەتەکانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ هەندێ کاریگەریی ئیجابییان هەبووە لەسەر گفتوگۆکانی باشترکردن و ریفۆرمکردن لە رێکخراوی بازرگانیی جیهانیدا، کە ئەم رێکخراوەش ٢٥ ساڵ پێش ئێستا دامەزراوە و لەو کاتەوە چەندین گۆڕانکاری روویانداوە، وەك ئەنجامدانی گرێبەستی ئەلیکترۆنی. هەروها هەندێ لە رێساکانی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی پێویستیان بە هەمووارکردنەوە هەیە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە دەبێت ریفۆرم و چاکسازی لەم رێکخراوەدا بکرێت. بەڵام ئایا ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی رێگری لە شەڕێکی بازرگانیی جددی بکرێت؟ من دڵنیا نیم. لە هەمان کاتدا پاساوی ئەوە هەیە چاکسازی لە میکانیزمی چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە بازرگانییەکانی پەیوەست بەم رێکخراوەوە بکرێت. دواتر ئێمە دەزانین ئیدارەی ترەمپ پێیوایە ئەمریکا مامەڵەیەکی ناڕەوای لەگەڵدا کراوە لە بواری یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییە بازرگانییەکاندا، هەرچەندە من پێموایە دۆناڵد ترەمپ مەسەلەکان لە قەبارەی خۆیان گەورەتر دەکات و ئەمەشی کردووە بە نەریتێك. لەم روانگەیەوە پێموایە جۆرێك لە هەمووارکردن لە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییە بازرگانییەکاندا روودەدات.

**ترسم هەیە لەوەی ئەگەر ئیدارەی ترامپ لە ماوەی دوو ساڵی داهاتوودا بەردەوام بێت لەسەر سیاسەتە خراپەکانی، ئابووریی جیهان تووشی قەیران و داکشانی جددی دەبێتەوە**

**هەندێ لە رێساکانی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی پێویستیان بە هەمووارکردنەوە هەیە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە دەبێت ریفۆرم و چاکسازی لەم رێکخراوەدا بکرێت. بەڵام ئایا ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی رێگری لە شەڕێکی بازرگانیی جددی بکرێت؟ من دڵنیا نیم**

# کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی سیاسیی عێراق و کوردستان لەسەر کەرکووک

چەندین گۆڕانکاریی گرنگ لە سەر ئاستی ناوخۆی عێراق و کوردستان هاتنەپێش، ئەم گۆڕانکارییانە هاندەرن بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆی نیشتمانی و چارەسەری کێشەی کەرکووک، بە کورتی ئەمانەش دیارترین گۆڕانکارین، بەتایبەتیش لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و ناوەند.

یەکەم: ئەو گۆڕانکارییانەی لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق روویاندا

دیارترین ئاکاری ئەو گۆڕانکارییانەی دوای سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ بەغدا هاتنەئاراوە، بەتایبەتیش کە ئەم سەردانە دەنگدانەوەیەکی زۆر بەرچاوی هەبوو لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی، لەسەر ئاستی ناوخۆ سەرکردەکانی کوتلە سیاسییەکان خۆشحاڵییان دەربڕی بە سەردانەکەی کاک مسعود بارزانی بۆ بەغدای پایتەخت، ئەمەش بەڵگەی ئاستی پەیوەندیی پتەوی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نێوان هەرێمی کوردستان و ناوەند دەردەخات، هەموو لایەکیش هەستی بەوە کرد، کە پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەتین بکرێن و ئەو کەلێن و بۆشاییەی لەم رووەوە هەیە چارسەر بکرێن، ئەویش بە دیالۆگ و گفتوگۆی بنیاتنەرانە و گوێگرتن لە بیروبۆچوونی هەرێم لە سەرجەم کێشە بنەڕەتییەکان کە لەسەریان ناکۆکن، بەتایبەتیش کێشە دەستوورییەکان و لەوانەش ماددەی ١٤٠، هەروەها ئەو زێدەڕۆییەی کە بەغدا ئەنجامیداوە لەسەر بنەماکانی ئەم ماددە دەستوورییە و پەراوێزخستنی هەموو قۆناخەکانی ئەم ماددە تایبەتمەندە، هەموومان ئاواتەخوازین کە ئەم سەردانە دەرووی خێرو خۆشی بکاتەوە بە رووی هەمووان لەپێناو چارەسەرکردنی گشت کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و ناوەند، بەتایبەتیش گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ بنکەکانی بەرگریی خۆیان لە کەرکووک کە پێش ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ لێی بوون، هەروەها کردنەوەی بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کشانەوەی هەموو هێزە چەکدارەکان لە کەرکووک، بە شێوەیەک کە تەنیا سوپاو پۆلیسی فیدراڵی تێدا بمێننەوە، هاوکات چارەسەرکردنی هەموو شێوازێکی حەشدی عەشایری لە باشووری رۆژئاوای کەرکووک.



## شێخ ریاز محەمەد دانوک ئەلعوبەیدی

ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك

بۆ گوڵان نووسیویەتی

دووەم: کاریگەریی وەزیری وزەی ئەمریکا بۆ سەر هەرێمی کوردستان

سەردانەکەی وەزیری وزەی ئەمریکا دوو پەیامی لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی لێکەوتەوە، پەیامی ناوخۆ گوشارێك بوو بۆسەر بەغدا تاکو نەوتەکەی کەرکووك بە ڕێگەی بۆرییەکانی کوردستاندا هەناردەی بەنداوی جیهانی تورکیا بکات، ئەمەش بەڵگەیەکی روونە لەسەر گەڕاندنەوەی بارودۆخەکە بۆ پێش ١٦ی ئۆکتۆبەر پەیوەست بە هەناردەکردنی نەوت.

پەیامی دەرەوەش ئاماژەیە بۆ ڕێگەگرتن لە ئێران کە غاز هەناردەی عێراق بکات و حکومەتی ناوەند ناچار بکات مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، دەربارەی بەکارهێنانی غاز لە ڕێگەی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش لە ئایندەدا پەلدەکێشێت بۆ ئەوەی وا پێویست بکات یاسای نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق دەربچێت.

سێیەم: ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کەرکووکدا هات، وایان کرد هەموو سیاسەتوانان لەو شارەدا هەست بەوە بکەن کە پێویستە گفتوگۆی بنیاتنەرانە بکەن لەپێناو چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی ناکۆکییان لەسەرە لەنێوان لایەنە سیاسییەکان و تاکڕەوی نەکردن لە دۆسێی کەرکووك، چونکە بێسەروبەریی ئەمنی و چالاکییەکانی داعش لە کەرکووك و باشووری رۆژئاوای ئەم پارێزگایە، هاووڵاتیانی کەرکووکیان ترساندووە، بە شێوەیەك کە بەردەوام هەست بە ناسەقامگیریی ئەمنی دەکەن. دیاردەی هێرشکردنی چەکداری بۆ سەر گیان و ماڵی هاووڵاتیان، هاوکات رفاندن و وەرگرتنی سەرانە و تۆقاندن، واقیع و گوزەرانی خەڵکەکەی شێواندووە، هەمووان هەستیان کردووە کە بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکووك پێویستییەکی لەپێشینەی هاووڵاتیانە بۆ بەرگریکردن لە شارەکە، هەروەها هێنانەکایەی هاوسەنگییەکی هێز، ئەمەش یەکێکە لە هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووك و یەکێکە لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، کە هەرگیز ناکرێ پاشەکشە لەم پرەنسیپە پیرۆزانە بکرێت، یان بە هەر شێوەیەك بێت پشتگوێ بخرێن.

# کاریگەریی میدیا

## بەشی سێیەم


## پێکەوەژیان و فرەیی

کۆچکردن و هاتوچۆی نێوان وڵاتان، بەردەوام بە هۆکاری جۆراوجۆر بەرەو نەمانی سنوورەکان و تێکپژانی نەتەوە، رەنگ و رەگەز و مرۆڤە و باکگراوند و نەژادە جیاوازەکانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە چەمکی پێکەوەژیان و فرەیی و یەکتر قبووڵکردن بووەتە ستراتیژ و سیاسەت و ئەجندای کاری سیاسی و پەروەردەیی و میدیایی زۆریك لە وڵاتان. لەبەر هۆکاری دروستنەبوونی کێشەی رەگەزی و جیاکاری و ململانێی ئایینی و مەزهەبی نەژادی. کارکردن بۆ ئەم چەمکانە لە وڵاتدا بە تەنیا دروشم، یان تەنیا سێکتەریکی وڵات سەرکەوتوو نابێت، واتە ئەگەر تەنیا لە سیاسەتەوە باس لەم چەمکانە بکەین، یان بە پۆلیس و چاودێری، کار بۆ پێکەوەژیان و نەهێشتنی توندوتیژی بکەین، پەروەردە و میدیا و چالاکیی رێکخراوەکانی کۆمەڵگە فەرامۆش بکەین و نەیانخەینە خزمەت دروستکردنی ئەم پێکەوەژیانە، ئاسان نییە فەراهەم بێت.

میدیا ئەمڕۆ ئامرازێکی گرنگی دروستکردنی پێکەوەژیانە لە وڵاتانی پێشکەوتوو، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی میدیای نیشتمانی و خەڵکیان هەیە و هاووڵاتی چەقی کارکردنی میدیایە. چونکە سیستمی میدیا گرنگە بۆ ئەوە داڕێژدرێت کە ئەرك بۆ میدیا دابنێت کار بۆ فرەیی و پێکەوەژیان بکات لە تێکڕای پڕۆگرامەکانیدا. پسپۆڕێکی بواری میدیای نیشتمانی دەڵێت: «میدیای نیشتمانی، واتە میدیای هاووڵاتی کە زمانحاڵی خەڵك و نیشتمان بێت، گرنگییەکی سەرەکیی هەموو وڵاتێکە، نەبوونیشی بۆشاییەکی گەورەیە لە وڵاتدا، بەتایبەتی لە وڵاتانی فرە نەتەوە و فرە رەگەز و فرە نەژاد و فرە ئایین و مەزهەب، نەبوونی ئەم جۆرە لە میدیا وەك ئەستێرە بە ئاسمانی شینەوە دیارە، چونکە تەنیا ئەو میدیایە دەتوانێت پێکەوەژیان و فرەیی و یەکترقبووڵکردن دروست بکات».

هەرێمی کوردستان راستە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کورد و یەك ئایینن، بەڵام لە مێژەوە لانکەی ژیانی چەندین نەتەوە و ئایینی دیکە بووە، جەنگەکان و کرانەوەی وڵات، ئابووری و سیاسی هاتنە ناوەی پەناهەندە و کرێکار و خەڵکی بیانی وایان لێکردووە فرەیی و دانیشتووی جیاواز لە زمان و ئایین و نەتەوە بەردەوام تێیدا زیاد دەبێت، جگە لە نەبوونی میدیای نیشتمانی، کورد ململانێی مێژوویی و دیرینی هەیە لەگەڵ هەندێك لەو نەتەوانەی ئێستا بە هۆکاری جەنگ، چ لە ناوچەکانی خوارووی عێراق، چ لە وڵاتانی دەوروبەر هاتوونەتە ناویەوە و ژیان بەڕێدەکەن لەگەڵ دانیشتووانە جێگرەکەی خۆی. لە کاتێکدا نەك میدیای نیشتمانی،



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە سیستمی پەروەردەشدا گرنگییەکی وا بە پرۆگرامی پێکەوەژیان نەدراوە، ململانێی پارتە سیاسییەکان بەداخەوە دانیشتووانە رەسەنەکەی خودی هەرێمیشی لەیەکتر دوور خستووەتەوە و یەکتر قبووڵ ناکەن، واتە جیاوازیی ئایدیۆلۆژی و حزبیش، هاتووەتە سەر جیاوازییەکانی دیکە. بوونی میدیای سیاسی و حزبی خۆی لە خۆیدا هۆکارە بۆ دروستکردنی نائارامیی کۆمەڵایەتی و تێکدانی ئاشتەوایی و پێکەوەژیان. جگە لەو پاشاگەردانییەی میدیا کە دەیان کەناڵ هەیە، نە خاوەنی دیارە، نە ئەجندای کاری هاوتەریبە بە پێداویستییەکانی کۆمەڵگە. لە وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ هەر بیرۆکەیەك پلان و ئەجندایەك بۆ وڵات و هاووڵاتی، میدیا وەك ئامرازێکی گرنگ و هاوکار لەگەڵ کۆی سیستمەکانی تری وڵاتدا بەکار دێنن و دەیخەنەگەڕ بۆ جێبەجێکردنی. پرۆگرامی میدیا لە هونەرییەوە بیگرە تا سیاسی و کات بەسەربەر، یان پرۆگرامی جددی، دەبێت چەمکی پێکەوەژیان و هاووڵاتیبوون فرەیی و یەکتر قبوولکردن بخاتە ناو زیهنی تاکەوە. چونکە لە بەرامبەر هێزی میدیا بۆ دروستکردنی پێکەوەژیان، هێزی بۆ دروستکردنی ململانێش هەیە، بۆیە نەك تەنیا بۆشایی بوونی میدیایەك هەیە کە ئەم کارەمان بۆ دروست بکات و یەکتر قبووڵ بکەین، بەڵکو میدیاکانمان بوونەتە شانۆی نمایشکردنی بەرهەمی وڵاتی جۆراوجۆر کە زۆربەیان بەریەك کەوتەی کەلتوورییان هەیە لەگەڵ تاکی ئەم کۆمەڵگەیە، کە بەریەك کەوتەی کەلتووریش هۆکارێکی سەرەکیی توندوتیژییە .

**● ئاسەوارەکانی:**

١-دوورکەوتنەوەی تاکەکان لە یەك و نەمانی ماناکانی پێکەوەژیان و تێکچوونی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی.

٢-نەمانی رۆحی هاووڵاتیبوون و خۆشەویستیی خاك ونیشتمان.


**● چارەسەر:**

١-دیاریکردنی سیستمی میدیای هەرێم لە دەستوور کە ئەرکی چییە بەرامبەر خاك و نیشتمان و هاووڵاتی بە بوونی ستراتیژێکی روونی میدیایی.

٢- دانانی ئەرك بۆ میدیاکان بۆ پاراستنی پێکەوەژیان، ئەویش بە یاسای تایبەت و میدیا بکرێتە ئامرازێك بۆ چاکسازی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە .

٣-کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی میدیایی ناوخۆیی و کوردی کە کار بۆ هاووڵاتی و پرسە کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و پەروەردەییەکان بکات.

٤- بوونی میدیایەکی نیشتمانی و نەتەوەیی کە ئیدارەیەکی نیشتمانیی هەبێت .



# ژینگە و چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەوەی لەبواری ژینگەدا کاری کردبێت، یان شارەزاییەکی هەبێت، ئەو راستییە دەزانێت کە مرۆڤایەتی زۆری کات ویست و کاری زۆری کرد، هەتا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە تەنیا پێشکەوتن و بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان بەس نین بۆ خۆشگوزەرانی، بەڵکو هەموو ئەوانە لەگەڵ پاراستنی ژینگەداو لەگەڵ گەشەپێدانی بەردەوامدا مانای هەیە، واتە گەشەپێدانێك کە لەسەر حیسابی ژینگە نەبێت.

بۆیە بە پێی راپۆرتە ژینگەییەکان سەبارەت بە ژینگەو گەشەپێدان، گرنگترین سیمای گەشەپێدانی راستەقینە بەردەوامبوونی گەشەپێدانە، بە جۆرێك کە بتوانرێت پێداویستییەکانی ئەوەی ئێستا دابین بکرێن، بێ ئەوەی زیان بە پێداویستیەکانی نەوەکانی داهاتوو بگات.

بە مانایەکی دی گەشەپێدانی بەردەوام یان درێژەپێدراو، بریتییە لە راگرتنی هاوسەنگیی لە نێوان ئابووریی و ژینگەدا، بە واتایەکی دیکەش بریتییە لە راگرتنی دادپەروەریی لەنێوان نەوەکاندا.

لە گەشەپێدانی درێژەپێدراودا گرنگە رەچاوی رەهەندە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان بکرێت لە پاڵ رەهەندە ئابوورییەکاندا لە کاتی بڕیاردانـدا، واتە پێویستە رەچاوی ڕێسای هاوسەنگی بکرێت، بە جۆرێك کە نابێت ئەوەندە پاشماوەیە لە گەشەپێداندا بێتە بوون کە لە توانای زەویدا نەبێت لە خۆی بگرێت.

زانایانی بواری ژینگە دەیان ساڵیان بە توێژینەوەو باسو لێکۆڵینەوە بەسەربرد، هەتا گەشتنە هاوکێشەی ژینگەو گەشەپێدان، نەك ژینگە، یان گەشەپێدان، چونکە لە دواجاردا گەشەپێدان ناوەستێت و، مرۆڤیش لەبەرەوپێشچوون ناوەستێت، بۆیە هاوکێشەی ژینگە و گەشەپێدانیش ئێستا وردتر جەخت لەسەر جۆرێکی تایبەتیی گەشەپێدان دەکاتەوە، کە ئەویش گەشەپێدانی بەردەوام



و درێژە پێدراوە، بە مانای ئەوەی پێویستە هەر گەشەپێدانێکی ئەمڕۆ لە خزمەتی نەوەکانی ئایندەشدا بێتو، نابێت ئێستا زیان بە ئایندە بگەیەنێت، چونکە بواری گەشەپێدان بە شێوەیکی گشتی کار لەسەر سێگۆشەی هەریەك لە توانا مرۆییەکان و ئابووری و باش بەکارهێنانی توانا سرووشتییەکان دەکات. هەر بەم ئاراستەیەشدا گەشەپێدانی مرۆیی کاردەکات بۆ فراوانکردنی بازنەی هەڵبژاردن لە بەرامبەر خەڵکیدا بە جۆرێك کە زیاتر لە ئەگەرێك لە بەردەم مرۆڤدا هەبێت لە ژیاندا، واتە پەرەپێدانی مرۆیی لە تەنیشت گەشە پێدان و پاراستنی ژینگەدا کاردەکات بۆ:

١. دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ مرۆڤ.

٢. دابینکردنی زانیاری و دەستخستنی سەرچاوەکانی زانیاری.

٣. دابینکردنی پێدوایستییەکانی مرۆڤ بۆ ژیانێکی ئاسوودە و سەربەرزانە.

لەم پێناوەشدا ڕێکخراوە جیهانییەکان کاری زۆر دەکەن لە پێناوی نەهێشتن، یان کەمکردنەوەی ڕێگرییەکان لە بەردەم گەشەپێدانی درێژەپێدراودا، لەپێش هەموو ئەو ڕێگرییانەشەوە:

١. جەنگ و شەڕ و ناکۆکییە ناوخۆیی و ئیقلیمی و جیهانییەکان، کە ڕێگرن لە بەردەم بەرەوپێشچوونی هەوڵەکانی گەشەپێدان و پاراستنی ژینگەدا.

٢. خراپ ئیدارەکردنی دەسەڵاتو خراپ بەکارهێنانی توانا ئابوورییەکان و بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات، بە هۆی گەندەڵی و دواکەوتوویی ئیداری و نەبوونی یاسای گونجاو و نەبوونی لێپرسینەوە و بە دواداچوون و شەفافییەت، کە هەموو ئەمانەش هۆکاری سەرەکین بۆ قووڵکردنەوە و بەردامبوونی هەژاری و نەخوێندەواری و نەخۆشی کە هەرسێکیانیش هۆکاری لە باربردنی هەموو هەوڵەکانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی مرۆیین لە سەرتاسەری جیهاندا.